رزگاری

RIZGARÎ

رۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەی شیوعیی کوردستانییەکانە

خاوەنی ئیمتیاز
یوسف حنا یوسف
سەرنووسەر
سەلاح دەرەن

چوارشەممە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٩٣ز - ژمارە (٥) | Wednesday, 22 September, 1993, No. 5 | نرخی دیناریک

بەرەو مانگرتنێکی سەرالەسەری بۆ ئابوورەی نێو دەوڵەتی لەسەر کوردستان

ڕیبازی رزگاری — کوردستان

لەبەردەم دووریانێکی چارەنووس سازدایە

ئەمڕۆ باشووری کوردستان رووبەرووی سەختترین بارودۆخ و نرسناکترین مەترسی بۆتەوە!

لەسەرێکەوە گەمارۆدانی ئابووری قرە دەوڵەتی و چەوتی مێژوی ئیدارەو بەڕێوەبردن و بێ سەروبەری سیاسەتی ئابووری پەرلەمان و حکومەتی هەرێم گوزەرانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانی هێندە سەخت و دژوار کردووە کە پێشتر وێنەی نەبووە. لەسەرێکی دیکەشەوە شەڕی جاردراوو جارنەدراوی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان مەترسی زیاتری دروست کردووە.

ئەم دیاردانەو لاوازی و بێ دەسەڵاتی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لەبەرامبەر مەترسیە دەرەکی و ناوەکییەکانداو زاڵبوونی گیانی تەسکی حزبایەتی بەسەر گیانی بەرزی نیشتمانی، هەرەشەی جیدی لەم تاقیکردنەوە مێژوویەمان دەکەن.

هێشتنەوەی گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستانی ئازادکراو لوتکەی دووڕوویی و بێ ئەخلاقی ئەمریکاو ڕۆژئاوا وەدەر دەخات. چونکە ئەوان بەم گەمارۆ ئابوورییە کوردستان نەک هەر زیانێك بە (سەدام) ناگەیەنن،بەڵکو دەیانەوێ کوردستان وێران بکەن و گەلەکەیشی هێندە برسی و زەبوون و نەداربکەن کە سەبینێ بەئاسانی چۆك بۆ نەخشەو پیلانەکانی ئەمریکا دابدات!

ئێمە گومانمان لەوە نییە کە ئەمریکاو ڕۆژئاوا تەنیا دۆستی بەرژەوەندی خۆیانن و تا ئێستایش بەرخوردیان لەگەڵ مەسەلەی گەلەکەمان و بەرخوردێکی سیاسانە نییەو لەو سنوورە (ئینسانییە!) ڕەتنەبووە کە گەلی کوردستان لە برسان نەمرێت، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارو نیگەرانییە ئەوەیە: بۆچی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد هێشتا چاو لەدەستی ئەمریکایە؟!

لە کاتێکدا مەسەلەی گەلی کوردستان خەریکە لەبەر دەروازەی ئەمریکاو ڕۆژئاوادا مردار دەبێتەوەو مەسەلەکەمان بۆتە فراموشکراوترین مەسەلەی سیاسی ئەم ڕۆژگارە، بەپێوبستی دەزانین تەکانێکی چۆنایەتی (نەوعی) نوێ بەمەسەلەکەمان بدرێت و سیاسەت و ڕێبازێکی سەربەخۆیانەی ئەوتۆ پیادە بکەین، کە جارێکی تر سەرنجی رای گشتی جیهان بۆ کارەساتی نیشتمانی گەلەکەمان رابکێشین.

بۆ ئەم مەبەستە داوا لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دەکەین:

یەکەم: مانگرتنێکی جەماوەری فراوان و درێژخایەن لەسەر تاسەری باشووری کوردستان (هەروا لەنێو کوردەکانی هەندەران) ڕێك بخرێ بۆ لابردنی گەمارۆی ئابووری UN لەسەر کوردستان. پێویستە هەموو لایەنەکانی حزبی و جەماوەری لە تەواوی کوردستان دا پشتگیری لەم مانگرتنە بکەن.

دووەم: شاری کەرکوك و خانەقین و ...هتد تەواوی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان ڕزگار بکرێن. ئەم کارە نەك هەر مەسەلەی گەلەکەمان بەتوندی دێنێتەوە سەر شانۆی سیاسی جیهان، بەڵکو سامانێکی ئابووری مەزنیش بۆ ئەتەوەکەمان دابین دەکات.

سێیەم: لەو مانگرتنە جەماوەرییەدا داوابکرێت کە راگیری

بروانە ل٦

پرۆفیسۆر لازاریف:

پێویستە مەسەلەی سەربەخۆیی ببێتە مەسەلەیەکی سەرەکی بەرنامەی بارتەکانی کوردستان.

- لە ٢٤ـەدا، لەسەر بانگهێشتی دەستەی کاتی سەرکردایەتی شیوعییە کوردستانییەکان بەڕێزان (پرۆفیسۆر لازاریف، حەمەرەشان، شاکرۆف) سەردانێکی بارەگای دەستەی کاتی سەرکردایەتی شیوعییە کوردستانییەکانیان کرد، بەگەرمی لەلایەن هاوڕێیان پێشوازی کران. لەماوەی دوو سەعاتدا، چەندان مەسەلەی گرنگ لەسەر کوردستان و جیهان و هەندێ مەسەلەی مێژووی سبارەت بەکوردو بزاڤی رزگاری نیشتمانی کوردستان باسیان لێوە کرا.

پرۆفیسۆر لازاریف دوای ئەوەی سوپاسی ئەو ڕێزلێنانەی کرد، گەلەلایەن شیوعییەکانەوە لێیان نرا، هەروا گوتی: خۆشحالم کەوا لەنێو کوردان خۆم دەبینمەوە، هەروا گوتی: ئەو دەسکەوتە بەفرخانەتان و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان لەمێژووی کوردا دەبێ بەئاوی زێڕ بنوسرێتەوە، پێویستە هەموو لایەك پشتگیری لێ بکەن. درێژەی بەقسەکانی خۆیداو گوتی: ئابێ بارودۆخی ناخۆش و گرانی و قاتوقڕی وەرەتان لاواز بکا، هەروا ناشبێ هێندە بەسەر کەوتنەکەتان کەیف خۆش بن.

بروانە ل٧

کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی سەرکردایەتی شیوعییە کوردستانییەکان و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

ڕۆژی دووشەممە ١٩٩٣/٩/١٣ لە هاوینەهەواری سەلاحەددین کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان سەرکردایەتی شیوعییە کوردستانییەکان و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسترا.

لە کۆبوونەوەکەدا بە تێڕو تەسەلی باس لە بارودۆخی سیاسی کوردستان کرا، هەروا قووڵکردنەوەی بڕوسێسی دیموکراسی و پاراستنی دەسکەوتەکانیو بەکرێزی و تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکان نیشکیان خرایە سەر. جەغت لەسەر پشتگیری پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و بەتەنکەوە هاتنی دانشوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵك وپتەوکردنی پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان هەردوو لا کرا.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی PKK هەڤڵ جەمیل بایق:

گەشتەوەری بوومتە سەرچاوەیەکی بەهێزی مادی شەڕی دەوڵەتی تورکیا لە دژی کوردستان.

1993-9-2 KURD- HA

دووسلدۆرف (KURD-HA): سەرچاوەکانی ARGK دەڵێن؛ ئەو گەشتیارانەی لە دەست هێزەکانی ARGK دان بەرەڵا ناکرێن تا دەوڵەتەکانیان لەگەڵ ئێمە دانوساندن نەکەن.. لەمەڕ ئەم کێشەیە چاومان بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی PKK فەرماندەی گشتی بڕیارەکانی ناوەندی ARGK جەمیل بایق کەوت..

پ/ کێشەی دەستگیر کردنی گەشتیارەکان لەلایەن ARGKوە تاڕادەك رای گشتی بەخۆیەوە سەرگەرم کردووە، ئایا سیاسەتی ئێوە لەمەڕ گەشتیارەکان گۆڕاوە؟

جەمیل بایق: ئێمە بەهیچ شێوەیەك لەدژی گەشتەوەری مرۆڤ و لە دژی ئازادی مرۆڤ نین، لەگەڵ ئازادییەکانی مرۆڤدابین، دەبێ مرۆڤ سەربەست و ئازاد بژێت. خەباتی ئێمە تەنیا خەباتی ئازادکردنی کۆمەڵ نیە بەڵکو خەباتی ئازادکردنی مرۆڤیشە، ئەو بزاڤەی کە خەباتێکی وەها بکات نایوێ

بروانە ل٦

چالاکی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)

سەردەشت:

لە شەوی ٦ـ٦ـ٧٣ی هەتاوی (٢٨ـ٨ـ١٩٩٣) کادرو پێشمەرگەکانی ناوچەی سەردەشتی حزبی دیموکراتی کوردستان، خۆیان گەیاندە ناو شاری سەردەشت، سەعات نۆی شەو شارەبانی شاریان دایە بەر دەسترێژی چەکەکانی RPGو کلاشنکۆف، هەروا دەستەیەکی دیکە شیر کەتی نەوت کەلە چوارلاوە پاسەوانی دەکرا، خستە بەر ئاوری توندی چەکەکانیان.

ئەو هێرشە لە حاڵێکدا بوو، کە خەڵکی شار هاتبوونە پێشوازی کردنی برا پێشمەرگەکانیان و لە نزیکەوە لە ئامێزیان دەگرتن و ڕێنوێتیان لێ دەخواستن.

بروانە ل٦

سەحابات: ٣ سەعات کۆنترۆڵ کرا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەر لەسەرەتای مانگی نیسان تا بەئێمەڕۆ دەگا بەردەوامە لە بۆمباباران و دەستدرێژی بۆسەر دێهاتەکانی نزیك بە سنووری دەستکردی داگیرکەرانی کوردستان، پێشمەرگە قارەمانەکانی پەلە رزگارینخوازەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی داگیرکراودا، لە تۆڵەی ئەم تاوانە نامرۆڤیانەدا، بەردەوام بەتوندی هێرشی بەرپەرچ دانەوە، بۆ سەر پێگەکانی دوژمن بەرپا دەکەن.

بەپامی مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، کە بە بۆنەی چڵ و هەشتەمین ساڵڕۆژی

بروانە ل٦

بەرێز مستەفای هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران):

جێی خۆشحاڵیمانە، کە ئیسوبیەکان لە دیدگایەکی ناوا پێشکەوتوو سەیری مەسەلەی نەتەوایەتی دەکەن.

بەرێز کاك مستەفای هیجری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەکاتی پێشوازیکردنی لە وەفدی شیوعییە کوردستانییەکان گوتی:

- ئێمە حزبێکین متمایل بەچەپین، ئەگەر چی بەلای شۆشیال - دیموکراتدا لار دەبینەوە.

- میللەتی کوردەمان، کەلە چەندین چین و نوێژی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە، ئێمە وادەبینین، کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕێگا چارەیەکی لەبار بێت.

- جێی خۆشحاڵیمانە، کەوا ئێمەڕۆ شیوعییەکان لەدیدگایەکی ناوا پێشکەوتوو سەیری مەسەلەی نەتەوایەتی دەکەن.

- ئەگەر ئێمە لەرابردوو زۆر لەیەکتر نزیك بووبین، ئەوە دەبێ لەئایندەدا، ئەم پەیوەندیە پتر قووڵبکەینەوە.

- من واتێدەگەم کە مارکسیزم وەك زانستێك دەبێ هەمیشە لەبەردەم پێش چوون دابێ، پێچەوانەی مەزهەب کە شتێکی وەستاوەو گەشە ناکا.

- ئێوە دەتوانن بەئەرکی کۆمەڵایەتی گرنگ هەڵسن، وەك بزاڤێکی سۆسیالیستی لە کوردستاندا، بۆ ڕاگرتنی پارستنگی نێوان هێزەکان و پاراستنی تەبایی و هاوکاری نێوان ریزەکان، بەتایبەتیش ڕاکێشانی خەڵکانی چەپ و مارکسی بۆ باڵی خۆتان.

- هەروەها سەبارەت وەزعی

بروانە ل٧

پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی شیوعیی کوردستانییەکان

بەشی یەکەم

بڕیارنامەکانی ڕێکخستنی پارت

پارتـیان یەکبەتیەکی ئارمزوومەنـدانەیی ئەو تیکۆشەرە نیشتمانپەروەرانەیە، کە لە پێناوی ڕزگاریو سەربەخۆی کوردستـان و یەکبەتی گەلەکـەیو لە پێنـاوی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دیموکراسی و سوسیالیزمدا تێدەکۆشن.

ڕێکخستنی پارت و ژیانی نیوخۆیی و سەرکردایەتی و شێوەی وەرگرتنی بڕیارەکانی و پەیوەندی نێوان ئاوەندەکان و چۆنیەتی ئەنجامـدانی چالاکی یەکـانی لەسـەر بنـاغەی پەیڕەوکردنی دیموکراسی، بەم شێوەی خوارەوە دادەڕێژرێ.

١ـ هەمـوو ئاوەنـدەکـان، هەر لە خوارەوە تا ئاوەنـدی سەرکردایەتی بەدەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن.

٢ـ گۆڕینی سیاسەتی گشتی پارت، لە قۆناغێکی دیاریکراودا لە دەسـەڵاتی کۆنگرەی گشتی پارندایە.

٣ـ ئەرکی هەمـوو ئەندام و ئاوەندە لێپرسراوەکانە، چاودێری جێبەجێ کردنی سیاسەتی گشتی پارت بکەن.

٤ـ پرنسیپی ڕەخنەو ڕەخنە لە خوگرتن لە ژیانی پارتایەتی‌دا پەیڕەو دەکرێت.

٥ـ هەمـوو بڕیارەکـان بە زۆربـەی دەنگ وەردەگیرێت و وکەمایەتی ڕێش بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکرێت.

أ ـ دەبـێ بڕوڕاکـانیان بە هەمـوو ئاوەنـدەکـانی پارت ڕابگەیەندرێت و لە دەزگای ڕاگەیاندنی پارت بڵاوبکرێتەوە.

ب ـ ئەگـەر کەمـایەتی ئارەزایەکـەی لە بارەی مەسـەلەیەکی فیکری یان سیاسی ستراتیژی هەبوو، دەتوانێ وەك لایالیکی فیکـری لە ناو پارت دا کاربکـات، بەمـەرجێ حاڵـەتی دەستەبەندی ڕێکخراوەیی لە ناوەوەو دەرەوەی پارتدا دروست نەکات و بڕیارەکانی زۆر بە جێبەجێ بکات.

٦ـ دەبێ هەمـوو ئاوەنـدەکـان، بۆ چارەسـەرکردنی ئەو مەسـەلانـەی کە پێوەندییان بە ژیانی پارت و کاروباری سەرکردایەتی و سیاسەتی گشتی‌یەوە هەیە، ڕای گشتی پارت وەربگرن.

بەشی دووەم

ئەندامێتی لە پارتدا

پارتیان کارگەران و جوتیاران و زەحمەتکیشـان و ڕۆشنبیران و گشت ڕۆڵەکانی گەلی کوردستانە سەر بە هەر نەتەوەو ئایینێك بن، لە ڕیزەکـانی خۆی وەردەگـرێ کە مەسـەلـەی ڕزگاری کوردستان و دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان بزانن و لە پێناویدا تێبکۆشن.

مەرجەکانی ئەندامێتی

هەر هاوواڵاتی‌یەك تەمەنی لە ١٨ سال کەمتر نەبێت دەتوانێ ببێ بە ئەندام، بە مەرجێ بەرنامەی پارتیان بە ڕێی نیشاندەری خۆی دابنێ و پەیڕەوی ناوخـۆ پیادە بکـات، لە یەکێ لە شانەکاندا کاربکات و ئابوونەی مانگانەی بڕیارو ڕاو بدات.

ماڵەکانی ئەندامی پارت

١ـ بەشداری لە دارشتنی سیاسەتی گشتی پارت و چاودێری جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی بکات.

٢ـ ڕەخنە لە ئاوەندو ئەندامانی پارت و سیاسەتەکەی بگرێت، پێشنیارکانی بۆ ئاوەندەکانی سەرووتر پێشکەش بکات.

٣ـ مافی پاڵاوتن و هەڵبـژاردنی خۆی و کەسـانی دی بۆ هەر ئاوەندێك هەیە.

٤ـ پێویستە لە کاتی لێپرسینەوەدا ئامادەبێ.

ئەرکەکانی ئەندامی پارت

١ـ بەکێتی ڕێکخراوەی پارت بپارێزێت و بڕیارەکانی ئەنجام بدات.

٢ـ ئاستی فکری و شارەزای خۆی دەربارەی مێژووی گەل و نیشتمانەکەی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان بەرز بکاتەوە.

٣ـ نهێنی‌یەکـانی پارت بپـارێزێت و ڕاستیەکان نەشارێنەوە، ڕەخنەو ڕەخنە لە خوگرتن بە گیانێکی هاوڕێ یانەو بابەتیانە وەربگرێت.

٤ـ پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر بەهێز بکات و لێیان فێرێت و لە ڕێزەکـانیـانـدا تێ بکـۆشـێ و بە تەنـگ داخـوازی و گیروگرفتەکانیانەوە بێت.

٥ـ نایێ پەیوەنـدی لەگـەڵ دام و دەزگـاکـانی ئەمنی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان هەبێت، نایێ بەبێ ڕەزامەندی پارت لە هیچ دەزگایەکی ئەمنی کاربکات.

٦ـ نایێ بەبێ ئاگاداری پارت شوێنی دانشتن و ڕێکخراوەکەی خۆی بەجێ بهێڵێت.

وازهێنان لە پارت

١ـ بەپێی ئەوەی پارتـیان یەکێتـەکی ئارمزوومـەنـدانـەی ئەندامەکانیەتی، هەر ئەندامێك بۆی هەیە واز لە پارت بهێنێت.

٢ـ ئەو کەسەی زیاتر لە دووجار واز لە پارت بهێنێت، دەبێ بە ڕەزامەندی ئاوەندی سەرکردایەتی وەربگیرێتەوە.

بڕیارەکانی پاراستنی دیسپلین

ئاگادارکردنەوە، لابردن لە ئاوەند، هەڵەسـاردن، دەرکردن

بەشی سێیەم

کۆنگرەی حزب و ئەرکەکانی

١ـ کۆنگرە باڵاترین دەسـەڵاتە لە پارتدا کە ئوێنەرانی هەموو ڕێکخـراوەکـانی پارتدا پێك دێت. هەر دوو ساڵ جارێك دەبەسترێت، لە باری ناڕاسایيدا دەتوانرێ کۆنگرەی ئایەت بەبەسترێ.

٢ـ پەیڕەو پڕوگرامی پارت بڕیار دەدات.

٣ـ ئاوەندیی سەرکردایەتی هەڵدەبژێرێ.

٤ـ ڕاپۆرتەکانی کۆنگرە پەسند دەکاو بڕیارشی لەسەر دەدا.

٥ـ ئەخشەی سیاسەتی گشتی پارت دەکێشێت.

٦ـ ئەگـەر لە حاڵەتێك دا نەتوانرا کۆنگرە لەکاتی بڕیاردراوی خۆیدا بەبەسترێت، ئەوا ئاوەندی سەرکردایەتی دەتوانێ (٦) شەش مانگ کۆنگرە دوابخات بەمەرجێ هزبەکانی دواخستنی بۆ ڕێکخراوەکانی پارت ڕوون بکاتەوە.

ئاوەندی سەرکردایەتی و ئەرکەکانی

١ـ ئاوەندی سەرکردایەتی [کە لە ١٣ ئەندام و دوو جێگر پێك دێت] بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکات، لە چوارچێوەی سیاسـەتی گشتی پارندا هەڵوێستەکان دەردەبڕی و پەیوەندی هاوکاری و هاوپەیمانێتی پێویست دادەمەزرێنێ.

٢ـ ڕیزەکـانی پارت لە ڕووی فیکری و سیاسی و ڕێکخستن پتەوترو فراوانتر دەکات و ئەندامەکانی پارت بە گیانی لەخۆ بووردەی و نیشتمانپەروەرانەو پێشکەوتووخوازانە پەروەردە دەکات.

٣ـ هەر چوار ساڵ جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەبەسێت.

٤ـ ئاوەندی سەرکردایەتی سەرپەرشتی ئاوەندەکانی ڕێکخستن و، پەیوەندی‌یەکان، ڕاگەیاندن و دارایی دەکات.

٥ـ ئاوەنـدی سەرکـردایەتی ڕاپـۆرتەکانی پێویست بۆ کۆنگرە ئامادە دەکات.

٦ـ بیرۆی سیاسـی ساڵ جارێك، لەلایەن ئاوەنـدی سەرکردایەتی‌یەوە هەڵدەبژێردرێتەوە.

٧ـ بیرۆی سیاسـی ڕاپـۆرت دەربـارەی چالاکی یەکـانی، پێشکەش بە کۆبوونەوەکانی ئاوەندی سەرکردایەتی دەکات.

٨ـ سکرتێری گشتی پارت لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێ.

٩ـ سکرتێری گشتی پارت، لێپرسراوی یەکەمی پارتە لە بەردەم ئاوەنـدی سەرکـردایەتی و ڕێکخراوەکانی پارت و ڕای گشتی کوردستان و ئاوچەو جیهاندا.

١٠ـ سکرتێری گشتی پارت، سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی ئاوەندی سەرکردایەتی و بیروی سیاسی دەکات.

بەشی چوارەم

کۆمیتەی ئاوەندەکان

١ـ کۆمیتەی ئاوەندەکان چالاکی یەکانی خۆیان لە چوارچێوەی سووری ئیداری ئەنجام دەدەن.

٢ـ کۆمیتەی ئاوەندەکان لە هەموو لێپرسراوانی ئاوەندەکان پێك دێت.

٣ـ کۆمیتەی ئاوەندەکان، ئەم ئاوەندانەی خوارەوەی لێ پێك دێت

أ ـ ئاوەندی شار

ب ـ شانە

٤ـ کۆمیتەی ئاوەندەکان، بەرنامەی ئایەت بە ئاوەندەکان لە بەر ڕۆشنایی بەرنامەی پارت، دادەڕێژێت.

٥ـ ئەرکی بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری سیاسی و فیکری و ڕێکخراوەیی لە ئەستۆدایەو ڕاپۆرتی ڕێك و پێك سەبارەت بە چالاکی یەکانی بۆ ئاوەندی سەرکردایەتی و ئاوەندەکانی شارەدە دێڕێت.

٦ـ ئاوەندی شار. لە کۆنفرانسی شاردا کە هەردووساڵ جارێك دەبەسترێت هەڵدەبژێردرێت‌ەلم کۆنفرانسەدا نوێنەریش بۆ کۆنگرە هەڵدەبژێرێ.

ئەندەی پارت

١ـ بە بەردی بنـاغـەی پارت دەژمێردرێ، لەسـەر بنچینەی شوێنی نیشتەجێ و کارو خوێندن و پیشە پێك دێت.

٢ـ سیاسـەتی گشتی پارت لە ناو جەماوەردا بڵاودەکاتەوەو بە ئەنگە داخوازی و گیروگرفتەکانـیانەوە دێت و بۆ گەیشتن بە ئاواتیان هانیان دەدات.

٣ـ شانە سکرتێرو جێگر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.

٤ـ شانە لە داخوازی ئەو کەسانە دەکۆڵێتەوە کە داوا دەکەن بێنە ناو ڕیزی پارت.

٥ـ شێوەی ڕێکخستن و ژمارەی ئەندامانی شانە دەوەستێنە سەر ئەو هەڵ و مەرجەی پارت و کوردستان پیایدا ئەیەر ئەبێت.

بەشی پێنجەم

١ـ ئەندامانی پارت لە دەرەوەی کوردستان بۆیان هەیە لە بەر ڕۆشنایی ئەم پرینسیپانەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتوون، شانەو ناوەندی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن.

٢ـ ناوەنـدی دەرەوەی کوردستان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ناوەندیی سەرکردایەتی‌یەوە دەبێت.

بەشی شەشەم

دارایی پارت

دارایی لە ئابوونەی مانگانەی ئەندامان و یارمەتی دۆستانی پارت و لە دەستکەوتەکـانی ڕۆژنـامەو چاپکراوەکانی ترو چالاکی یە جۆراجۆرەکانی پارت پێك دێت.

ڕووبەڕدەنەوەیەك لە ناوەندی ڕاگەیاندنەوە

لەوەتەی شیوعییە کوردستانییەکان سەربەرزانە ڕیزە دارزیوەکانی (حشع)یان بەجێ هێشتووە، سەرکردایەتی حشع لەکوردستان (داش ـ عیراقییەکان) چەندان جار لە بڵاوکراوەو ڕۆژنامەکاندا هاوڕێیانی ئێمەیان بەوە خەتابار کردووە کە گوایا (ممتلکات)ی ئەوانیان لایە وەك ئەوەی (ممتلکات)یك هەبێ بەشان و شەوکەتی ئەوان پەیدا کرابێت!!

ئەوەی کە ئەوان بە (ممتلکات)ی خۆیانی ناودەبەن لە چەند پارچە چەکێکی شانی هاوڕێیان و چەند شرە ئوتۆمۆبیلێك، کە لای چەند هاوڕێ یەکی ئێمەیە، تێنا پەڕێت. ئەمانیش لەسەدا یەکی ئەو داهات و دەسکەوتە نابێت کە هاوڕێیانی ئێمە، وەك لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی، لەکاتی ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١دا دەستیان کەوت و سەرکردایەتی حشع و داش عیراقییەکانیان دەستیان بەسەر داگرت.

سەرەڕای ئەوە سەرکردایەتی حشع، لە ڕۆژانی تالانکردنی گومرگی کوردستان لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە، بەدەیان ملیۆن دیناری بەناوی ڕێکخراوی هەرێمەوە لەبەرەی کوردستانی وەرگرتووە.

تێکڕای ئەم دەسکەوت و داهاتانە، کە مولکی شیوعییەکانی کوردستانن، بەشێکی بۆپرۆژەی عیراقچینی و عەرەبچینی بەکار هێنراوەو دەهێنرێت، بەشە گەورەکەیشی کە ملیۆنان دینار دەبوو، لە بازاڕەکانی کوردستاندا شرە خۆزانە بە بەرچاوی هاوڕێیانی ئێمەوە دەگوێدرایەوە بە دۆلارو، ڕەوانەی بانقەکانی دەرەوە دەکرا. لە کاتێکدا بەهەزاران لەکەس و کاری شەهیدان و کادیرو ئەندامان چاو لەدەست بوون و تا ئێستاش بە بەرسێتی و هەژاری دەژین و سەرکردایەتی حشع، کە کەمترین وەفاداری بەرامبەر بەشەهیدان نییە، ئاوڕێکیان لێ نادانەوە.

ئێمە تەواوی ئەو دەسکەوت و داهاتانە بە مولکی شیوعییەکانی کوردستان دەزانین. لەبەرئەوەی زیاتر لەنیوەی شیوعییەکانی کوردستان لەریزی ئێمەدا خەبات دەکەن، ئەوا ئێمە خۆمان و خێزانی شەهیدانی شیوعییەکانی کوردستان بەخاوەنی بەشی زۆری ئەو دەسکەوت و داهاتانە دەزانین و بۆمان هەیە لەکات و ساتی گونجاودا داوای ئەم مافە ڕەوایە دزراوەی خۆمان بکەینەوە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی شیوعییە کوردستانییەکان

هەولێر

بنەمای کۆلۆنیالیەی بیری عێراقچێتی

حەمە دوک

بیری عێراقچێتی کە نیو سەدە زیاترە بێگانەی پەرستان، وەك گیاکەڵەیەك، لە کوردستاندا چاندوویانە، گەورەترین زیانی بە گەلەکەمانو بە بزاڤی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان گەیاندووە. ئەم زیانەیش لە سەرچاوەی لەوەدایە کە بیری عێراقچێتی هەقیقەتی بە جیا هەڵکەوتووی کوردستانو پرۆسێسی داگیرکردنی کوردستان لە لایەن کۆلۆنیالیزم (استعمار)ی عەرەبەوەی لە خەڵکی کوردستان شاردۆتەوەو داگیرکەری بێگانەی لە خەڵکی کوردستان کردۆتە برایان بە قەولی ئەوان برا گەورە، لە سەرئیکی دیکەشەوە بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستانیی لە رەوتو ڕێبازی مێژوویی خۆی، کە رزگارکردنی گەلو خاکی کوردستانە لە داگیرکەری بێگانە، ترازاندووەو رووەو ئامانجی عێراقچیەتی چواشەی کردووە.

ئەم کورتە باسە هەوڵدانێکە بۆ لێدوان لەسەر هەندێ چەمکو بنەمای فیکریی-سیاسیی بیری عێراقچێتیو کە زۆر تا کەم بیری ئێرانچێتیو تورکچێتیو سوریاچێتیش دەگرێتەوە.

کاتێك جیهان لە کارەساتی سامناکی یەکەمین جەنگی جیهان دەربازبوو، دۆزەخی جەنگێکی نوێی فرەدەوڵەتی بۆ گەلی کوردستان ئامادەکرا: جەنگی داگیرکردنو دابەشکردنی کوردستانو لکاندنی بە چەند دەوڵەتێکی داتاشراوی ناوچەکەوە.

دابەشکردنی کوردستانو لەقالبدانی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئاسیۆنالی سێ ئەتەوەی سەردەستی (تورك، عەرەبو فارس) گەورەترین تاوانی ئەم سەدەیە بوو بەرامبەر بە گەلی ئێمە کرا. هەروا ئەم کارە لوتکەی بێ ئەخلاقیی رۆژئاوا بوو، کاتێك رێگەیان بە خۆیان دا ولاتی ئێمە بەسەر چەند ئەتەوەیەکی داگیرکەری خاوەن مێژوویێکی سەدان ساڵی کوشتوو بڕین بەشێنەوە کە هەرگیز شایەنی ئەوە نەبوونو نین کە بۆ تاکە رۆژێکیش حوکمڕانی گەلی کوردستان بکەن.

دوابەدوای ئەم پرۆسێسە کۆلۆنیالیەیە، گەلی کوردستان لە چەند قۆناغێکەوە کەوتە بەر شالاوێکی فراوانی فرەدەوڵەتی، تا بە ناچاری ئەم واقیعە داسەپاوە، واقیعی داگیرکردنو دابەشکردن، قبوڵ بکات. بۆ ئەم مەبەستەیش لەماڵ ئەمڕۆو زەبرو زەنگو هێزی عەسکەریو پۆلیسیی، جۆرەها مێتۆدی ئابووری، یاسایی، سیاسی، فیکریو ئایدیۆلۆژی خرانە کار تا گەلی کوردستان مەسەلەی رزگاریو سەربەخۆیی نیشتمانیی خۆی فەراموش بکاتو بیری بە عێراقچێتی بوو (هەروا بە ئێرانیو تورکیاییو سوریایی بوون) وەك هەقیقەتێکی ئەبەدی قبوڵ بکاتو، ئەم قەوارە داتاشراوە کۆلۆنیالیانە، لە جیاتی کوردستان بە نیشتمانی خۆی بزانێت.

مایەی نیگەرانیو بگرە شورەییە، کە لە پاڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا، هێزە چەپو شیوعیو مارکسیەکانی ئەو وڵاتانەیش گەورەترین بەشداریان لەم پرۆسێسەو لە چەواشەکردنی گەلی کوردستاندا کردووەو، تا ئەمڕۆش بەناوی بەرژەوەندی گوایا نیشتمانییو بەرژەوەندی چینی کرێکارەو ...هتد، بە زەبری تیۆلای ئایدیۆلۆژیو ئەهێزنی ئایدیۆلۆژی بەرەنگاری هەر خواستو ئیرادەیەکی سەربەخۆیانەی کوردستانی بوونەتەوە.

بیری عێراقچێتی لە ئەنجامی ئەم واقیعە داتاشراوەدا سەری هەڵدا! لە هەمان کاتدا ئەم بیرە بوو بە ئامرازێك بۆ چەسپاندنی واقیعی داگیرکردنو چەواشەکردنی گەلی کوردستان تا قەوارەی داتاشراوی عێراق بە وڵاتی خۆی ئەك بە داگیرکەرو کۆلۆنیالیست بزانێو بیری بە کوردستانی بوونو سەربەخۆیی لەلا بسەپێنێو.

ناوەڕۆکی بیری عێراقچێتی

بیری عێراقچێتی بەهانەی بوونی خۆی لە واقیعی قەوارەی داتاشراوی عێراقەوە وەردەگرێت، بەو پێیە وەك ئەوان دەڵێن عێراق یەك قەوارەو یەك دەوڵەتو یەك خاكو یەك گەلە!! لەشکرایە ئەم بۆچوونەیش دووبارە کردنەوەیەکی تووتی ئامایەلەی بیرو ئایدیۆلۆژیای رەسمی دەوڵەتی داگیرکەری عێراقە کە لە کوردستاندا دارەستانی رژێمە جۆربەجۆرەکانی عێراقو کۆسمۆپۆلیتیو بێگانە پەرستانی کورد بڵاویان گردۆتەوە.

بەڵام ئەم قەوارەو خاکە چۆن داتاشرا؟.. کێ دروستی کرد؟ تا چ ئەندازەیەك لە داتاشینەدا بەرژەوەندی گەلی کوردستان لەبەر چاو گیرا؟ کامەیە مێژووی ئەو گەلە بەگەرتووەی!! گوایا ناوی گەلی عێراقە؟ سیمای ئەتەوەیی و کولتووریو شارستانی ئەم گەلە چۆنە؟... ئەم پرسیارانەو چەندانی تر مەسەلەیەکن کە عێراقچیە بێگانە پەرستەکان دوور یان نزیك، گەم یان زۆر توخنی ناکەون. چونکە وەڵامدانەوەیان مامك لە رووی کۆلۆنیالیەیانەی قەوارەی عێراق لادەباتو ناوەڕۆکی خورافیەیانی بیری عێراقچێتی دەردەخات.

بیری عێراقچێتی لەکاتێکدا عێراق بە یەك قەوارەو گەلی گوایا عێراق بە یەك گەل ناودەبەن، دەکات! ئەوا بە دەنگی بڵند عێراق بە دەوڵەتێکی عەرەبی دەزانێ. ئەم تێزەتەنیا ئایدیۆلۆژیاو ئایینی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق نییە بەڵکو هێ هەموو هێزە عێراقیەکانە: فەومی، شیوعی، ئیسلامیو لیبرالیو ...هتد. ئەمەیش نکۆڵی کردنێکی کۆلۆنیالیانەو شۆڤێنیستانەیە لە واقیعی بە جیا هەڵکەوتووی گەلو نیشتمانی کوردستان.« »

بیری عێراقچێتی، بە پشتبەستن بەم بۆچوونە، مەسەلەی گەلی کوردستان وەك بەشێك لە مەسەلەی گەلی عێراق دەبینێ، بۆیە چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد لە چارچێوەی عێراق لەقالب دەدات.

دروشمی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، کەنزیکەی نیو سەدەیێك بەسەر بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستاندا سەپێندرا بەرهەم و نموونەی ئەم چەمکە کۆلۆنیالیە بوو.

ئەم چەمکە راستینەی رەقی بابەتی و مێژوویی فەراموش دەکات، ئەویش ئەوەیە کە عێراقی عەرەبی و کوردستان دوو وڵات و دوو گەلی بەجیا هەڵکەوتوون؛ هەریەکەیان ئەك هەر خاوەنی مێژوو و کولتوورو زمان و داب و نەریت و سایکۆلۆژیای ئەتەوەیی جیاوازن، بەڵکو هەریەکەیان لە قۆناغێکی مێژوویی، سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی جیاوازیشدا دەژین.

عەرەبی عێراق دەمێکە لە کۆلۆنیالیزم و داگیرکەری بێگانە دەربازبوونو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەیە؛ کەچی گەلی باشووری کوردستان ژێر دەستەی کۆلۆنیالیزم و داگیرکەری بێگانەیە.

لێرەوە ئامانجی ئەتەوەی عەرەبی عێراق و ئامانجی ئەتەوەی کورد ئەك هەر جیاوازن بەڵکو ئەواو پێك ناکۆکن. چونکە بەرژەوەندی و ئامانجی داگیرکەرو داگیرکراو دوو شتی ئەواو لێك جیاوازو دژ بەیەکن. لێرەوە قسە کردن لە یەکێتی گوایا گەل و خاکی عێراق و بەرژەوەندی گوایا نیشتمانیی عێراق خورافاتێکە لەبنەڕەتدا بورژوازی داگیرکەری عەرەب دایتاشیوە، تا بەهۆیەوە تاوانی داگیرکردن بشارێتەوەو گەلی کوردستان و بزاڤە رزگاریخوازەکەی وەك ئامرازێك بۆ پاراستنی قەوارەی داتاشراوو کۆلۆنیالیەیانەی عێراق بەکار بێنێ.

دابەشکردنی کوردستان پەسەندکردنی دەوڵەتی ئاسیۆنالیستی و سێ ئەتەوەی سەردەستی (تورك، عەرەب و فارس) گەورەترین تاوانی ئەم سەدەیە بوو، بەرامبەر گەلی ئێمە کرا.

بەڵام ئەوەی کە ئەم بیرە کەمبەرو لەبەردەم بیری کوردستانیی و بەکوردستانی بوون و لە رووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەماندا تەزیوەو ربوا بووە، دەشێ لەبەل و دەرئەنجامی ئەوە بێت، بەتایبەتی دوای ئەمانی بەعس، وەك گیاکەڵە سەرهەڵداتەوە.

بەرنامەی رزگاری نیشتمانی و کۆمەڵایەتی

دانا رەسول

پرۆژەی بەرنامەی شیوعیە کوردستانیەکان، کە لە ژمارەی رابردووی «رزگاری»دا بڵاوکراوەتەوە وەرچەرخانێکی نوێی فیکری و سیاسییە لەبیرو ڕێبازی شیوعیەکاندا، هەروەها پوختەی سەرجەمی ئەو بیرو بۆچوونانەیە کە چوار ساڵ زیاترە شیوعیە کوردستانیەکان بانگیشتی بۆ دەکەن و، بەو هۆیانەوە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بۆ تاقەتایە لە عیراقچیەکان و بێگانە (عەرەب) پەرستانی نێو حشع و داش عیراقیەکان داببڕێن و، لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی کوردستان و بە پشتبەستن بە مێتۆدی مارکسیزم و بیری سوسیالیستی و کاڵبوری شۆڕشگێڕی گەلەکەمان درێژە بەخەباتی نیشتمانی و چینایەتی خۆیان بدەن.

خوێندنەوەیەکی ئۆژ و زانستیانەی بارودۆخی بابەتیانەی کۆمەڵگای کوردستان و ستمی داگیرکردن و کۆلۆنیالیزم لێمەیان بەچەند راستیك گەیاند، لەوانە ستراتیژی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ ستراتیژی بزاڤی دیموکراتی ئەو گەلە سەردەستانەی دەوڵەتەکانیان، کوردستانیان داگیر کردووە دوو ئامانج و دوو چارەنووسی جیاوازی گرتۆتە خۆ:

(یەکەمیان: ئامانج و چارەنووسی رزگارکردنی وڵات (کوردستان) لە داگیرکەری بێگانە.

دووەمیان: ئامانج و ئەرکی دیموکراتی و چەسپاندنی دەوڵەتی قانوون و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە - پرۆژەی بەرنامەی.....

ئەم تێزە فیکریە سەرجەمی ئەو بیروبۆچوونە پووت و شۆڤێنیە پوچەڵ دەکاتەوە کە گوایا بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان بەشێکە لە بزاڤی دیموکراتی عێراق و، گوایا مەسەلەی گەلی کوردستان تەنیا لە سایەی دیموکراتی عێراقدا دێتە دی!!

بەرنامەی ئێمە سێ تەوەری سەرەکی فیکری - سیاسی، نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بەخۆوە گرتووە.

یەکەم: لەرووی نیشتمانییەوە پرۆگرامەکە بەراشکاوی رایدەگەیێنێت، کە ئێمە بۆ رزگارکردنی کوردستان لە داگیرکەری بێگانەو بەکبوونی نیشتمانی و ئەتەوەیی خەبات دەکەین، بەم مانایە ئێمە، ئەگەر چی تا ئێستا ناوی شیوعیە کوردستانیەکانمان بەسەرەوەیە، بەڵام ڕێکخراوێکی رزگاریخوازی نیشتمانیین.

دووەم: لەرووی کۆمەڵایەتییەوە- ئێمە وەك ڕێکخراوێکی چەپی مۆدێرن رووبەڕووی ئەرکە کۆمەڵایەتیی و چینایەتییەکانی کوردستان دەبینەوە خەباتی ئێمە لە پێناوی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزمدایە.

بۆیە ئێمە دژی هەر جۆرە چەوساندنەوەیێکی چینایەتی، کۆمەڵایەتی، ئەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبی رادەوەستین.

ئەمڕۆ گەلی کوردستان لە سەخت ترین بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەژیت، برادەیێك کە مرۆڤ دەتوانێت بڵێیت لەسەدا نەوەتی خەڵکی کوردستان رەنجدەرو زەحمەتکێشن و بگرە گەلی کوردستان وەك گەلێکی پرۆلیتاری لێهاتووە.

لێرەوە شیوعیە کوردستانیەکان، لەکاتێکدا بەرەو دامەزراندنی رێکخراوێکی چەپی مۆدێرن دەڕۆن، بەئەرکی خۆیانی دەزانن کە لەریزی پێشەوەی خەباتی کۆمەڵایەتی و عەدالەتخوازیدا بن، لەپێناوی داکۆکی کردن لە کەرامەت و مافی رەنجدەران و زەحمەتکێشان و نەیێشتنی ستمی چینایەتی و کۆمەڵایەتی.

سێیەم: مەسەلەی دیموکراسی - ئێمە لەو باوەڕەداین کە دیموکراسی چ بۆ ژیانی نێوخۆی حزبایەتی و چ بۆ کۆمەڵ پێداویستیێکی حەیاتییە. بۆیە بەرنامە گرنگیەکی تایبەتی بە مەسەلەی دیموکراسی و چەسپاندنی لە کوردستاندا دەدات.

هەروا (پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی شیوعیە کوردستانیەکان)، کەئەم رۆژانەدا بەئامێلکە بڵاوکراوەو گرنگیەکی تایبەتی بە چەسپاندنی دیموکراسی لە ژیانی نێوخۆی حزبدا دەدات و مافەکانی کەمایەتی، کە هەمیشە لەنێو حزبەکانی رۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی لەنێو چەپەکاندا، پێشێل کراون، بەپێی دەستوور دەپارێزێ.

ئێستا پرۆژەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ لەتەواوی ناوەندو کۆمیتەو شانەکاندا خراونەتە بەرباس و لێدوان، کۆبوونەوەو کۆنفرانسی تایبەتییان بۆ دەبەسترێت تا لەنزیکترین دەرفەتدا لە بەکەمین کۆنگرەماندا بریاریان لەسەر بدرێت.

مایەی خۆشحاڵی و شانازیمانە، کە لەریزی رێکخراوەکەماندا تێکۆشەرانی تر، کە تا دوێنێ سەربەخۆ بروانە ل٦

پاشماوەی: لەگەڵ سەرفراز...

لە ئاخافتن باس لە ئازادی پێنووس دەکەن، بەڵام لە نووسیندا پێڕەوی ناکەن، هەست دەکەم، پەردەیەکی دەروونی لەنێوان نووسین و ڕاستی هەیە، نووسەران دەبێ ئازا بن و ئەم پەردەیە بدڕێنن و ئازادی بەخۆیان بدەن.

پ :- بۆچ تا ئێستا سەندیکایەك بۆ ڕۆژنامەنووسان پێکنەهاتووە؟

وەڵام: لەکۆڕێکی ڕۆژنامەکەمان لەگەڵ ڕۆژنێران پێویستی دامەزراندنی ئەم سەندیکایەمان هەبە.

پ :- بۆچ تا ئێستا سەندیکایەك بۆ ڕۆژنامەنووسان پێکنەهاتووە؟

وەڵام: لەکۆڕێکی ڕۆژنامەکەمان لەگەڵ ڕۆژنێران پێویستی دامەزراندنی ئەم سەندیکایەمان هەبە، بەڵام لە بەرئەوە کە ئێستا ئەندامانی ئەم سەندیکایە بۆ ڕۆژنامەنووسان پێکهاتووە، ئەوە بەڵگەیە لە تازەترین سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگەیە.

- هەروا (کۆمیسیۆنی ئەنفیلەقانی - حەدکار) ڕێبەرایەتی ئۆرگەنگرتن لە ڕۆژهەڵاتی چالاکیە عسکەریەکانی خۆیدا، وتیرای ڕاگەیاندنەوای مەکتەبی سیاسی حزب لەسەر چەپاندنی موشتاق بارانی پێشکەتنی حزب و دۆلی شاروان لەلایەك ڕێزیش ئیشارەتوە، ئەوە چەشنا چالاکی پێشمەرگە قارەمانەکانی ئۆنار کردووە، وا بە کوردی بەسەریان دەگێڕدرێ، مەهاباد.

بەپێی ی هەواڵی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد سەر بە ئاوەندی ٢ی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٤ی مانگی پوشپەڕ( ) هێزێکی دوژمن بۆ لێدانی پێشمەرگەکان کە لە گوندی (میر سێ)ی (ئاغان) لە ناوچەی مەهاباد بووە، وەری دەکوت، هەڵۆ بەرزە قەرەکانی هێزی شەهید پێشمەرگە بەپێی لەتەبەکەی داڕێژراو لێی بان دێشە دەست و ژمارەیەکیان لێی دێنەسەر کوشتن و بریندار کردن، هەروا ماشێنێکی چێری ئیوتۆتا بەژمارە (سوپا٣٥١٠٣٢) دەستیەسەر دادەگرن و بە سلاحێکی دەبەنای شەرەکە چێ دەهێڵن.

شاری مەهاباد:

بۆ ئەوەی ئەم ڕاپەڕینە دەسەڵاداریی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بەمێژ لێنانەانی هێزی لە کوردستان، بۆ کۆماڵێکی خەڵك و بەبەرزای گشتی خەڵك، پەرچەك بکرێتەوە، دۆلە هەڵکەوتووەکانی هێزی شەهید پێشوا بریتی لە لەکەکانی ٢٦ی پەلی ئەم ساڵەدریی لە هێزە بەچێی ی گەلاڵیەکی ڕێکوپێك، ساعەت ٥ی پاش ئێوەڕۆی ڕێکەوتی ای گەلاویژی ١٣٧٢ی هەتاوی (٣ - ٨) چونە ئێو شاری مەهابادەو تا ساعەت ٥ی ١١ی ئەو ڕۆژە کەم و کەکانی سۆفی ڕەشید، مجبورلەوای سەرق و خەوارق، خاوڕلەوای سەرق و خەوارق، مەهدی کوردەلە، مژگەوتی سەعدی، پەری پیرغوو، شاخی ئیوانیساقان بەدەوای ئەستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدان، بۆ سزادانی بەکردێگەراوان و دەیاری کردنی خەڵکی خۆڕاگرو. کاری سیاسی - تەبلیغی، لەگەڵ ئەنگیکا دەستەیەك جاش و پاسدار لە پەکیلە لە مۆڵگەکان لێی بان ئۆزەلە دەبەنوە، پێشمەرگە قارەمانەکان سەنگەریان لێی ئەکرد و ئازایان دەپاڵنانە بەر دەستی پێژی چەکەکانیان و پاش کوشتن و بریندارکردنی ژمارەیەك لەو بەکرێگیراوانە گەلاکی دوو بەکرێگیراو بەچێی دەهێنن، پاشان لە ساعات ٥ی ١١ دەستیەکی دیك لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم بۆ بەرەنووی گەلاکی کوژراوەکانیان هاتە دەیدان. هەمدیسان چەند کەسێکیان لێ دێنە کوشتن و بریندار بوون و ڕادەکەن، لەبەی هیچ هێزێکی تر ئەیانتوانی خۆیان لەقەرەی پێشمەرگەکان بدەن زۆر و بەساو گەورەو مەتمان لەو کەرەکانە بۆ پێشوازی لەخانەسانەکانی حیزب و گەل لە ماڵەکانیان هاتنە دەرو بەدەیشکردنی قیرەیلی، شەربەت و خواردەمەنی و چا، لەو پەڕی خۆشحاڵی خۆیان لەخزووری کوردەکانی دیەکرات پیشان دا.

هەڵۆ بەبزەلەرەکانی حزب دوای بەڵاو کردەوەی کوردەکانی حیزب و ڕێنمای شەهید پێشەواو شەهیدانی تری حزب و گەل، سەربان لە بەنماڵەی شەهیدان داو لخزیکەوە لەگەڵیان ئەساڵ کرد.

لەلەنجامی ئەم چالاکیە شۆڕشگێڕەدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ژیانتر لە سی (٣٠ هەزار) لە لەرتەش و سوپای پاسداران دێنێتە شاری مەهاباد لەزیێك گوندەکانی بەرەوە و لەشاکام تا ڕابەرەیی خەڵك، کوچەو کۆڵان و شەقامەکانی شاری دەرداو، ڕێژیم کوژراو و بریندارێکی لەو ئەنجامەدا لە ئەنجامی شەڕێکی توندی دەستوبەقە دوژمن ئاچار دەکەن ئەم ئاوچەك جێ بهێڵن و بە تینکەکاوی پاشەکشێ بکەن، لەشاکامی ئەم شەڕەدا (٤٥) کەس لە بەکرێگیراوان بەکوژدرێن و ژمارەیەکی زۆریش بریندار دەکرێن. کەلاکەی ١٢ جاش و پاسدار دەکەوێتە دەست پێشمەرگەکان.

- هەروەهای ئەم ڕاپەڕینە لە ئۆزەلی چوار شەهیدی هێزی پێشوا کە لەمخابەرات بەیەرەو گردەبەردان لە ٥ کیلۆمەتری شاری مەهابادو پاش خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدان و لەو کاتەدا بۆ گشتیارە دوژمن مانوە، ساعات ٥ی پاش ئێوەڕۆی دوو هاشێنی مینی بوس و ئوتومبیلی پڕ لەجاش و پاسدار دەکەوێ بۆسەی پێشمەرگەکانی لکی ٢٤١ پاش فرماندەریی هێزی شەهید پێشەوا، لەکاتەی ئەم لەیەرەیەدا ٤٢ کەلاکی بەکرێگیراوان دەگەڕێتە چنگی پێشمەرگەکان و ١٢ کەسیش بەدیل دەگیرێن، وتیرای دەستکوتی جۆرەها چەك و ماشێن.

پاشماوەی: مەهاباد...

دامەزراندنی (حزبی دیموکراتی کوردستان) بڵاوبۆتەوە، ئیمادا هاتووە دەڵێت: (پێشمەرگە قارەمانەکانی حزبمان، توانیان لەنزیر ئۆشتینی کوردستان ئەمڕۆی مەرگ بەگەڕی بەکرێگیراوانی ڕێژیم داکەن، بەدەستوە گرتنی چەند ساعات دەستکەوتی بەشێکی بەرچاو لە شاری مەهاباد لەلایەن پێشمەرگەکانەوە، بەکێڵگە لە تازەترین سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگەیە).

- هەروا (کۆمیسیۆنی ئەنفیلەقانی - حەدکار) ڕێبەرایەتی ئۆرگەنگرتن لە ڕۆژهەڵاتی چالاکیە عسکەریەکانی خۆیدا، وتیرای ڕاگەیاندنەوای مەکتەبی سیاسی حزب لەسەر چەپاندنی موشتاق بارانی پێشکەتنی حزب و دۆلی شاروان لەلایەك ڕێزیش ئیشارەتوە، ئەوە چەشنا چالاکی پێشمەرگە قارەمانەکانی ئۆنار کردووە، وا بە کوردی بەسەریان دەگێڕدرێ، مەهاباد.

بەپێی ی هەواڵی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد سەر بە ئاوەندی ٢ی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٤ی مانگی پوشپەڕ( ) هێزێکی دوژمن بۆ لێدانی پێشمەرگەکان کە لە گوندی (میر سێ)ی (ئاغان) لە ناوچەی مەهاباد بووە، وەری دەکوت، هەڵۆ بەرزە قەرەکانی هێزی شەهید پێشەوا بریتی لە لەتەبەکەی داڕێژراو لێی بان دێشە دەست و ژمارەیەکیان لێی دێنەسەر کوشتن و بریندار کردن، هەروا ماشێنێکی چێری ئیوتۆتا بەژمارە (سوپا٣٥١٠٣٢) دەستیەسەر دادەگرن و بە سلاحێکی دەبەنای شەرەکە چێ دەهێڵن.

شاری مەهاباد:

بۆ ئەوەی ئەم ڕاپەڕینە دەسەڵاداریی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بەمێژ لێنانەانی هێزی لە کوردستان، بۆ کۆماڵێکی خەڵك و بەبەرزای گشتی خەڵك، پەرچەك بکرێتەوە، دۆلە هەڵکەوتووەکانی هێزی شەهید پێشەوا بریتی لە لەکەکانی ٢٦ی پەلی ئەم ساڵەدریی لە هێزە بەچێی ی گەلاڵیەکی ڕێکوپێك، ساعات ٥ی پاش ئێوەڕۆی ڕێکەوتی ای گەلاویژی ١٣٧٢ی هەتاوی (٣ - ٨) چونە ئێو شاری مەهابادەو تا ساعات ٥ی ١١ی ئەو ڕۆژە کەم و کەکانی سۆفی ڕەشید، مجبورلەوای سەرق و خەوارق، خاوڕلەوای سەرق و خەوارق، مەهدی کوردەلە، مژگەوتی سەعدی، پەری پیرغوو، شاخی ئیوانیساقان بەدەوای ئەستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدان، بۆ سزادانی بەکردێگەراوان و دەیاری کردنی خەڵکی خۆڕاگرو. کاری سیاسی - تەبلیغی، لەگەڵ ئەنگیکا دەستەیەك جاش و پاسدار لە پەکیلە لە مۆڵگەکان لێی بان ئۆزەلە دەبەنوە، پێشمەرگە قارەمانەکان سەنگەریان لێی ئەکرد و

پاشماوەی: بەرەو کۆنگرە

بەرەو بان لەنێو حزبێکی لەبرا بەرەوە بەشداری لێدەدان و دەوڵەمەند کردنی ئەم دەو بەرزایە دەگەن و هێزو ووزەیەکی دیکەو سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەوە بەدەزانن کەسان دەمەوە.

بەرنامەی ئێمە بەرنامەی ڕزگاری ئەنفەلی و کۆمەڵایەتیە، بەرنامەی خەباتە لە پێناوی سەربەخۆیی و دیموکراسی و سۆسیالیزمدا.

پاشماوەی: چالاکی پێشمەرگەکانی...

مەلبەندی ای چەنوسی کوردستان:

کادیرو پێشمەرگەکانی هێزی بەشدوان لە (چەقلا) لە لیواری ٣٠.٥.٧٣ی هەتاوی (١٩٧٣.٦.٢١) لە سەر ڕێگای ئیمە لای چوارلەو کەمین دەگرن، لەئاکام سیارەیەکی حکومی بەژمارە ٣٣٧٤١ی ٣ پاسدار دەکەونە داوی پێشمەرگەکان.

دوای لەدوبابی و حیالی کردن لەسەر ڕەوشەکی گلی کوردو چەواکەوەی ڕۆژگاریەوای کوردستان هەر سێکیان لەناو دەبن، حکومەتی لیژانیان چار بەگەوتن، ئێ کەوتنە ئەنفەلی دەستی بەسەر دەگرن و لەمەلبەندەدا ٥ دور پاسدار ٥ گولەی بۆنە ئەوەیی لەمانەن ١- عبداللە ڕەشیدی پاسدار ٢- عەلی ئەنفەلی ئەنفەلی ٣- ئەنفەلی ئەنفەلی ٤- ئەنفەلی ئەنفەلی ٥- ئەنفەلی ئەنفەلی ئەنفەلی

یادی شەشەمین ساڵەی داستانی سماقولی و بەنە باوی

محەمەدی حەلاق

خەباتی چەکدارانە.. سیمای سەرەکی خەباتی بزاڤی رزگاری نیشتمانی کوردستان بوو، دیارە هۆکارەکەشی کاردانەوەی وەحشەت و بەکارهێنانی هەموو جۆرە وەسیلەیەکی قەڵاچۆکردن بوو لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان سەرباری نازایەتی و بوێری میللەتەکەمان...

زۆربەی لایەڕەکانی مێژووی نزیکی ئەم میللەتە لەئاگردا خوێنلاوە، ئەو داستان و شەڕو چالاکییە نموونەیی یانەن کە بەداخەوە کەم یان زۆر تیشکی مێژوویان نەخراوەتە سەرو گرنگی و بایەخیان پێ نەدراوە، ئەوەندە نەیێت بەکێك - دوان لێرەو لەوێ وەك یادگار یان وەکو کاریکی (حزبی) باسی لێوە کردوە، پێویستیشە کە ئەوە بدرکێنم خەباتی چەکدارانەی ئەلەکەمان زۆر داهێنانی خستە سەر زانیاری سەربازی (العلم العسکري) کە پێویستە بایەخێکی زۆری پێبدرێ و مشت و ماڵ بکرێت و قاڵبی ئەکادیمی بەخۆوە بگرێت.

ئەو داستانە شکۆدارو کەم وێنەیەی لێرەدا تیشکی لێدەدرێتەوە، سەرچاوەیەکی بنەڕەتی و بەڵگەنام

رامبۆو یاخی بوون

تەلعەت تاهیر

« کۆچ دەکەم.. هەوڵ دەدەم بیمە خاوەنی چەند نیشتمانێکی نوێ تر سەرەڕای ئەوەش هەوڵ دەدەم بیمە خاوەنی خۆم، هەرچەند جارێ مەترسی کۆیلەیی ویستی جێگام پێ بگۆڕێ، خۆم لەشەڕو مەترسی ناپارێزم.. بەڵکو ئامادەم رووبەرووی هەموو شتێکی خراپ، بگرە مردنیش بیمەوە. لەمە زیاتر ئەم کۆیلەیی یە پڕ سەر کۆنەکردنەو ئەم خۆ بەدەستەوە دان و ئەم رق و داچڵەکاندنەم ناوێ»

دەتوانین بڵێین ئەم چەند دێڕەی فەیلەسوفی ئەڵمانی (فریدریك نیتشە) پێناسەیەکی کورت و چڕی شاعیرێکی یاخی و دەستەمۆ نەکراوی سەدەی رابردووە.. ئەویش شاعیری فەرەنسی بەناوبانگ (ئارثۆر رامبۆ)یە، (نیتشە) لە فەلسەفەکەی دا، مرۆڤ بە خاڵێکی ناوەند لە نێوان ئاژەڵ و خوا دەزانێ، بەشێك بەرەو ئاژەڵی دەگەڕێنەوە، ئەمانە بەبێ هێز ناودەبات.. ئەم تاکە بێ هێزانەش بەهەموویان «مێگەل» پێك دێنن.. بەشەکەی تریان بەرەو کەمال دەڕۆن و تاکێتی خۆیان دەپارێزن، ئەمانەش بە «سوبرمان» ناو دەبات، بەم حاڵەش رامبۆ لە بەشی دووەم دا دەدوێنەوە، چونکە هەردەم ویستویەتی شتێ بێت لەسەرووی هەست و زانین و ئیدراکی مرۆڤ بێ..

نهێنی مەزنی رامبۆش لەو خاڵەوە دەست پێ دەکا:

« لە دەشتایی یەکی سەوز.. لەو شوێنەی روبار دەخوێنێ و
خوناویکی سپی زیوین بەسەر پنجە گیا دەپژێنێ
هەتاویش لەو بڵندایی یە تایابە تیشك رۆدەکا
دۆڵەکەی پێ روون بۆتەوە
سەربازێکی دەم کراوە.. راکشاوە
بەبێ کڵاو، سەربازێکی جحێڵ
گوڵە ئاوی یە شینەکان، تەرەکان
سەری رووتی فێنك دەکەنەوە
ئەو بە راشکاوی دەنوێ
لەسەر چڕپای سندوسی سەوز
لەبەر ئەو تیشکانەی
لە ئاسمانەوە دەبارێن
لەو شوێنەی نووستووە
بە پێکەنینی زارۆیەکی نەخۆشی ئامێزی دایکی
پێ یەکانی لە گوڵە ئاویەکان رۆ چووە
سەرمایەتی، ئەی خاك و خۆڵ گەرمی کەوە
بەلانکی بسپێڕە.....با بسێنەوە
ئەو گوێ ناداتە ئەو بۆن و گوڵاوە خۆشانەی
بەدەورو بەری سەری دا.. لەگەڵ پرچی ئاوێتە بوون
ئەو خۆی داوەتە بەر تیشك و
تەنها سەری بەسەر سینگە بێ خورپەکەی لاربۆتەوە
لەلای تەنگەی راستیشیدا
دوو کونی سوور.. هی دوو گوللەن
خوێن دەتکێنن »

رامبۆ

- خەوتووی ناو دۆڵێکی تەنگ -

نووسین دەربارەی رامبۆ نووسینێکی ئاسان و ئاسایی نابێ، چونکە ئەم مرۆڤە ئاسان و ئاسایی نەبووە، ئەوەی بیەوێ شیعرەکانی ئەم شاعیرە بخوێنێتەوە، دەبێ لەچەمکی دوو روانین تێبگات. ئەم دوو روانینەش جەوهەری زۆربەی نووسینەکانی نووسەری ئینگلیزی (کۆلن وێلسۆن).

یەکەم: روانینی کرمی: بەومانایەی کەکرم لەسەر زەوی دەخشێ و روانینێکی بەرتەسکی هەیەو خاوەنی عەقلیەتێکی سنوورداوە.

دووەم: روانینی باڵندەیی: کە ئەمەیان روانینێکی بەرفراوان و بێ سنوورە.

دیارە ئەوانەی بەروانین و عەقلیەتێکی کرمیانە مامەڵە لەگەڵ ژیان بەگشتی و پرۆسەی داهێنان بەتایبەتی دەکەن، هیچ کاتێك ناتوانن، لە شیعرەکانی رامبۆ بگەن چونکە پرۆسەی داهێنان رەتکردنەوەی روانینی سواو تێکشکاندنی عەقلیەتی مەئلوفەکانە، ئەو کاتە شیعر رەسەن دەبێ، کە وەك زەرەبینێك هەموو تیشکە بەر بڵاوەکانی خەیاڵ و هەمەت لەسەر هەرسێ ئاستی (تاك، کۆمەڵ، نەتەوە) لەیەك خاڵدا کۆکاتەوەو سوتان بێنێتە کایەوە، بەم حاڵەش تێگەیشتن لە شیعرێك کە ئەم سێ ئاستە بەرفراوانە لەیەك خاڵدا کۆکاتەوە، مرۆڤێکی گەرەکە کە چاوی باڵندەی هەبێ.

شیعرەکانی رامبۆ بەتایبەتی ئەسیدەی «وەرزێك لە دۆزەخ» بەرهەمی شاعیرێکن کە لە گۆشەگیری و تەنیاییەکی کوشندەدا دەژی، رامبۆ وەکو بونەوەرێکی بەرایی(کائینێکی بیدائی) بەهەموئەو شتانە نامۆیە، کە رێنمایی مرۆڤ دەکەن... بەنابین، مێژوو، سەردەم نامۆیە

ژیان بۆ رامبۆ مەنفایە.. بەڵام ئەك بەمانا تەقلیدیەکەی مەنفا ـ دووریەکی جوگرافی لە وڵات ـ نامۆ بوونی زات لە بابەت بەڵکو دابڕانێکە، نامۆیی بوونی خود لەبابەتەکان بەرجەستە دەکات

«ژیان دابڕانە
دڵشادترین شت ئەوەیە
کە لەدایك نەبین
لە نەبوونە رەسەنەکە بمێنینەوە
کە مردنە»

ئەدۆنیس

کەواتە مەنفا لەلای رامبۆ مەفهومێکی گەردونی هەیە، تا ئەو رادەیەی خۆزگە بە شتە بێ گیانەکان دەخوازێ، کەدووچاری ئەم یاسای دابڕانە نین

«ژیانی بەرد دوایی نایە، چونکە بە مردوویی دەژی»

ئەدۆنیس

ئەگەر زەین(ذهن)ی مرۆڤ پلیکانەی هەبێ، ئەوە یەك پلیکانە بەسە بۆ مرۆڤێکی ئاسایی کە بژی و بمرێ و کەس

بڕوانە ل ٦

بەرگری لە زمان و ئەدەبی نەتەوایەتیمان

خالد عوسمان - هەولێر

کاتێك کەباسی زمان دەکەین بەر لەهەموو شتێ ئابێت ئەوە لەبیر بکرێ کەوا زمان ئامێرێکی گەلانی گێتی یە. هەر بەزمانە کەوا کەسێکی ناو نەتەوەیەك لە کەسێکی نەتەوەیەکی دیکە جیا دەکرێتەوە.

ئەو ئەدەب و زانست و هونەرەی کەوا بە زمانێك دەنووسرێ دەدرێتە پاڵ نەتەوەیەك کە بەزمانەکە قسە دەکەن...

ئەدەبی هەر نەتەوەیەك بەشدارە لە ئەدەبی گێتی و مرۆڤایەتیدا، ئامەوێ لێرەدا بەبیرێکی تەسکەوە بۆ مەسەلەکە بچم، بەڵام راستیەك هەیە دەبێ بگووترێ ئەویش ئەوەیە بەبێ ئەدەب و چالاکی نەتەوایەتی ئەدەبی مرۆڤایەتیش بە کەم و کوڕی و لابەلایی دروست دەبێت با بێنین سەیرێکی ئەدەب و رۆشنبیری کوردی بکەین، گەر ئەو بڕە نووسین و شیعرو هونەرو بەرهەمە مێژوویانە ئەبوونایە ئاخۆ لەلایەن دوژمنانی گەلی کوردەوە چیمان پێ دەگووترا، لە کاتێکدا خاوەنی بڕێکی باش لە کلتوورو ئەدەب و رۆشنبیری یە، خەریکە پێمان دەڵێن ئێوە لە کوێ هاتوون و کوا چیتان هەیە؟!

بۆ زمان پێوەرو هۆکارێکی زیندووی مان و بەردەوامی گەلان نەبێت لە کاتێکدا هەموو هەوڵێك لەلایەن دوژمنانی گەلەوە تەرخان کراوەو تەرخان دەکرێت بۆ تواندنەوەو لەناوبردنی کەلەپوری زمانی کوردیمان، ئەی گەر زمان و کولتوور بەمەو ترخیان نەبێت ئەی بۆچی دوژمنان کەوتونەتە وبزەی زمان و مێژوومان و بۆ چەندین سەدە دەچێ راستیە مێژوویەکان ئاوەژوو دەکەن ؟! ئەی گەر زیندوویی زمان و خەباتی نەتەوایەتیمان نەبووایە چۆن داوای مافی ٣٠ ملیۆن کوردمان دەکرد... ئاخۆ لە هەموو گێتی دا زمانی نەتەوایەتی و ئەدەبی نەتەوایەتی نی یە؟

ئەبێ لەبەر چی بۆ کڵۆڵی ئێمە کەسانێك یاخود چەند تەوژمێکی بەناومارکسی ناڵێم هەوریان بەڵکو تەوژمە رەقەکارو ئەوپەڕ گرەکان دژی ئەدەبی نەتەوایەتیمان دەوەستن بەبیانووی ئەوەی ئەو ئەدەبە ئەدەبێکی بۆرجوازی یە تۆ بڵێی ی ئەو چەمکە لەبار بێ و بابەتی بێ؟

ئێمە دژی ئەدەبی کرێکاری نین بەڵام ئایا ناکرێ بڵێین ئەم ئەدەبە بەشێکە لەئەدەبی نەتەوایەتیمان و لە زەمینەو واقیعی کوردەواریدا هەڵقوڵاوەو لە دایك بووە؟

جا تۆ وبژدانتان ئەی کوڕ گەلینە ئەمە دوژمنایەتی نییە ئەگینا چۆن و بەچ چەمکێك ئەدەبی نەتەوایەتیمان هێڵێکی چەپ و راستی بەسەردا بێ و بەئەدەبی بۆرژوا لەقەڵەم بدرێ، ئەمە جگە لە کەرت کردنی ئایدیولۆژیای مرۆڤایەتی و بەر تەسکی ئەو کەسانە بەڵاوە هیچی تر ناگەیەنێ کەوا لەروانگەی ئایدیولۆژیایەکی تەسکەوە دەڕواننە دەریای ئەدەبی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی کە زادەی مێشك و هەوڵی رۆشنبیرو لەدیبە بەهرەدارەکانمانە. هەر ئەو ئەدەبەشە ئێمە دەخاتە رێزی نەتەوە زیندووەکانی گێتی و بوون و زیندوێتیمان پێ دەبەخشێ. گەر ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و نالی و چەندانی تر لە رابەرانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی نەبوونایە ئەوسا دەبوایە هەر لەمێشکی خۆمان بدەین و لە زانکۆکانمان یا لە پرۆگرامی قوتابخانەکانمان دەبوایە بە ناچاریەوە بچند ئەدیبۆکەیەك رازی بین یا دەبوایە ئەحمەد شوقی یا معروف الرصافی یا حافزی شیرازیمان بخوێندایە یا ئەوتا بمان گووتایە نازم حیکمەت یا بدر شاکر السیاب هەر هی خۆمانن چ قەیدی یە جیاوازی چی یە لەمەدا ئەمە دژایەتی کردنی ئەم دوو شاعیرە یا شاعیرانی پێشکەوتنخواز نییە بەڵکو ئەمە راستیە ناکرێ ئەدیب و شاعیری خۆمان هەبێ و شاعیرانی بێگانە بکەینە سەرتۆپی ئەدەبی مرۆڤایەتیمان.

ئێ بڵێی ی رەنج و داهێناتی بەرزی ئەحمەدی خانی کەئەو شاعیرو بیرکەرەوەی کوردە هەروا بەخۆرایی بێت و بەلەدەبی بۆرجوازی لە قەڵەم بدرێ. گەر وابێ گوناحێکە بوورانی بۆ نییە!

یا ئەو کەسانەی کە دەڵێن زمان هۆیەو بەس، من ئەمە بە گاڵتەجاری دەزانم. زمان چالاکیەکی گرنگی بیری مرۆڤەو لە هزرو مێشکی مرۆڤ بەدەر نییەو کاتێکیش کە تۆ قسە دەکەیت ووشەکانت لە جوانکاری و مەبەست و مۆسیقای دەربڕین بەدەرنییە، هەر بەهۆی زمانەوە دەتوانی گەورەترین تابڵۆی شیعری و جوانترین و بە نرختترین ووتەی فەلسەفی و رامیاری بهێنیتە بەرهەم.

(زمان چۆنە بیرەوە لەگەڵ خەوی مرۆڤدا نێکەڵ بووەو تەنانەت پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکی ترو دەوروبەریدا دیاری دەکات بێ زمان بەکارهێنان هاریکاری و هەرەوەزی کە بەردی بناغەی کۆمەڵە پێك نایەت... دیسان بێ بوونی زمان شارستانیەتی بەردەوام نابێت چونکە زمان تاکە رێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی کلتوور زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.....)»[1]

کەواتە زمان بەو شێوەیە روت و وورشکی و برینگی یە نی یە، کەتەنها وەك هۆیەك بەکاربهێنرێ نەخێر زمان بوونی مرۆڤەو تێکەڵ بەخەون و حەزو ئاواتیەتی و رادەی پێشکەوتنیەتی.

هەر بەهۆی زمانی نەتەوایەتیەوە ئەدەبی نەتەوایەتی دەگەیەنێت کۆڕی جیهانی و پێشبڕکێ ی پێ لەگەڵ ئەدەبی نەتەوەکانی دی پێ دەکەی و هەر بەهۆی ئەویشەوە پلەو پایەو شوێن بۆ نەتەوەکەت دیاری دەکەیت.

«١»... کتێبی (زمانەوانی)
محمد معروف فتاح ل٣

کەنیشەکەمان لەشاخەوە هێنایە

کەنیشەکەمان لەشاخەوە هێنایە
شار
شەرمان لە سەنگەرەوە هێنایە سەر
مێزە لاکێشەیی یەکان و
دوڕ جانتا رەشۆشەکان.

* *

کێ دڵنیامان دەکات.
کە جارێکی دی،
پێنەخەت مان لێ تەخت ناکەنەوە
بەپێ ی پەتی
تا سەر پەتی،
کەوشەنە ژەهراوی یەکان،
نامان رەتێنن...،

تا ئێمەش،
کەڵەکێوی و
کارمامزو
کەرویشکە بێ گوناهەکان
دڵنیا بکەینەوە،
کە ئیدی..
بە رشانەوەی تفەنگە زراو رژاوەکانمان
بەفری ترۆپکە پیرۆزەکان
گڵاو ناکەین و
لە ژێر پێخوستی کەرنەقالی کەوشەبەزیوەکانا
هێللانە هێمنەکانیان
بەسەردا ناتەپێنین!

* *

کێ دڵنیامان دەکات..
کە ئیتر کۆرپەکانمان،
لەنێو جۆلانەی سۆزو
لایە لایەی مەمك و
تریفەی رووباری شیردا
پێ دەگرن...،

تا ئێمەش،
هێلکە قەتێ کان دڵنیا بکەینەوە
کە لەبن گرشە گرشی باران و
ترپە ترپی هەتاوو
جووکە جووکی گیادا
پەروباڵ دەردەکەن.

* *

کێ دڵنیامان دەکات...
کە تاسەر،
پیسی گازینۆ تەزیوەکان و
ئاوی جۆی بارە خەواڵوەکان،
فڕ دەکەین
تا ئێمەش کانیلەی سەر رێگا دۆزراوەکان
دڵنیا بکەین،
کە ئیدی ژوان،
لە سووسکە تینووەکان و
کەوە عاشق و ماشقەکان
تاڵ ناکەینەوە
دڵیان نادەینەوە بەر.. دەسرێنێ بالغڕکێ.

* *

کێ دڵنیامان دەکات...
هەر کە سەرمان گەرم بوو
لە باوەشی نەرمی ژنەکانمانەوە
دەمان گوێزنەوە،
خەستەخانە سیاحی یەکان و
مستەرە پەنجە پەمبی یەکان،
لاقە سەرخۆشەکانمان دەشێڵن.

تا ئێمەش،
وڵاتە بەرزەکان دڵنیا بکەینەوە
کە چیدی بەباری قورسی بەرین و
ئیشك و
تەرمی شەهیدەوە
بەنێو تەعتوماتی ترس و شوەزەنگی ئاگرداء
هەورازو هەڵدێریان پێ ناکوتینەوە.

* *

کێشەکەمان لە شاخەوە هێنایە
شار.
شەرمان لە سەنگەرەوە هێنایە سەر،
مێزە سەرابی یەکان و
نێو جانتا داخراوەکان.

* *

ئێوە .. نیشتمانی ماراسۆن و
سك چوون و
گومان..
کێ دڵنیات دەکات
کێ
کێ
کێ
کـــــــ

گەڕانێکە بە نێو کارگە نەهلیبەکاندا!



کرێکارێك

کرێکاران و زەحمەتکێشانی گەلەکەمان رۆڵی کاریگەرو بەرچاویان گێڕاوە لە بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی و خەباتی چینایەتی دا، بۆیە مێژووی خەباتی ئەم چینە چەندین لاپەڕەی پرشنگداری بۆ تۆمار کردووین، ئەم چینە شۆڕشگێڕە لە راپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا هاوشانی چین و تویژەکانی دی رۆڵی کاریگەرو سەرەکی گێڕا لە داتەپاندنی قەڵای دکتاتۆریەت لە کوردستان دا... کەچی ئەمڕۆ لە هەل و مەرجی دژوارو ئاڵۆزی ژێر سایەی ئابلۆقەدانی ئابووری و گرانی لە رادەبەدەرو بێکاریەکی بێ سنوور ژیان بەسەر دەبەن و هەتا دێش ریزەی سوپای بێکاران لە زیادبوون دایە، ئەم پارە ئاڵۆزو نا سەقامگیرەش زیاتر لە کوردستان رەنگی داوەتەوە بەهۆی ئەو گەمارۆ دوو فاقی یەی نێردەوڵەتان و خودی رژێمیش کۆمەڵێك لە هەڵپەرستان و مشەخۆران سوود لەهەل و مەرجەکە وەردەگرن، ئەمە جگە لەوەی دەیان و سەدان کێشەی بەجێماوی سەردەمی رژێمی بۆرژوازی مشەخۆری عێراق تا ئێستا بێ چارەسەر ماونەتەوە.

لە کوردستانی دوور لە پۆستانی داگیرکەران، لەم بستە ئازادکراوەی دەرەوەی چنگاڵی بەعس هەمان یاساکانی رژێم پەیڕەو دەکرێن و هیچ یاسایەك نییە داکۆکی لە بەرژەوەندی و داخوازی و مافە رەواکانی کرێکاران بکات، رژێم لە ساڵی ١٩٨٧و بە پێنی بڕیاری ژمارە (١٥٠) کرێکارانی کەرتی گشتی و دەوڵەتی بەرەسمی بە فەرمانبەر ناساند، ئەمەش بەمەبەستی زەوتکردنی دەسکەوتەکانی کرێکاران کە لە خەباتێکی نەهساوەی نا بەرامبەردا بەدەستیان هێنابوو بە تایبەتی مافی خۆرئێکخستن لە سەندیکای کرێکاری هەروەها رژێم لە یاساکاری ژمارە (١٥٠)ی ساڵی ١٩٧٠ پاشگەز بۆوەو یاساکاری ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ی هێنا ئارا..

ئەمڕۆ لە سایەی ئەم بارودۆخە نەبوونی یاسای کارکردن لەکوردستان دەیان کارگەی ئەهلی کراوەتەوەو، وەك کارگەی: کاشی، پێڵاو، قەند، سۆندە، شیرینی، ئەلەمنیۆم و....هتد لەم کارگانەدا سەدان کرێکار رۆژانە هێزو بازوی خۆیان بەفرخێکی هەرزان دەفرۆشن لەسایەی سەختترین بواری کارکردن بۆ ئەوەی بتوانن کەمێك لە بژێوی خۆیان و خێزانیان دابین بکەن.

ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن کارگەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان ژنان و منداڵان دەخەنە کارکردن و هەندێ ئەرکیان پێ دەسپێرن کە لەگەڵ ئەمەن و هێزو بازوییان ناگونجێت!

ماوەی پشوودانی کرێکاران رۆژانە لە سەعاتێك تێپەڕ ناکات و هیچ زەمانەتێکی گیانییان نییە ئەگەر لە کاتی کارکردن دا ئووشی هەر ڕووداوێك بن؛ سەرەڕای ئەمەش لە زۆربەی ئەم کارگانە مانگانەی هیچ کرێکارێك لە (١٥٠-٢٠٠) دینار تێپەڕ ناکات..

لە کارگەکانی (بەردە، کاشی) لەگەڵ ئەو هەموو کار، تاقەت

● هیچ یاسایەك نییە، داکۆکی لە بەرژەوەندی کرێکار بکات.

● ١٦ سەعات کارکردن، لە نێو چوار دیواری کارگەدا..!!

● تەنها (١٥٠ - ٢٠٠) دینار مانگانە..!!

پروکێنە تا ئێستاش کرێی مانگانە لە نێوان (٢٠٠-٢٥٠) دینار دایەو رۆژانە (١٠-١٢) سەعات کاریان پێ دەکرێت بەشێوەیەکی زۆر وەحشیگەرانە دەچەوسێنرێنەوە.. هەر کرێکارێك بەتەنها یان بەدەستە جەمعی قارەزایی پیشان بدات ئەو، دەبێ لە ریزی سوپای بێ کاران ناوی خۆی بنوسێ..!!

وێڕای ئەم سیاسەتە ناڕەوایەی خاوەن کارگەکان لە مانگی شەشی ئەمساڵ کرێکارانی کارگەکانی بەرد بەیاننامەیەکیان دەرکرد تیایدا باس لەو چەوساندنەوە بێ سنوورە دژی بەشەریە کراوە کە کرێکاران دووچاری هاتوون و بەیاننامەکە چەند داواکارییەکیشی بەخۆوە گرتووە.

لە کارگەکانی نایلۆنیش هەمان چەوساندنەوە بەدیدەکرێت، وێڕای کاردانەوەی ئەم کارە بۆ سەر تەندروستی کرێکاران، کرێکار ئەگەر یەك شەفت کاربکات (٢٠٠) دینارو ئەگەر دوو شەفت کاربکات ئەوا (٤٠٠) دینار وەردەگرێت، ئەوەی شیاوی ئاماژە بۆکردنە زۆربەی کرێکاران (٢٠٠) دینار ژیانیان دابین ناکات بۆیە بەناچاری دوو شەفت واتە (١٦) سەعاتی تەواو لەقاو چوار دیواری کارگەدا لە سایەی ئەم هەل و مەرجە دژوارە بەسەر دەبەن..! ژمارەیەکی زۆری کرێکاران لەبەر دووری شوێنی کارکردن و گرانی نرخی هاتوچۆ (هەشت سەعات ..!)ەکەی دیکە لەوێ دەگوزەرێنن. بەم پێ بە تەنها رۆژانی هەینی کرێکاران دەتوانن بچنەوە ناومان و منداڵی خۆیان.

بەهۆی نەبوونی یاسای کارو سەندیکای کرێکاری؛ خاوەن کارگەکان بەخۆیان رەوا دەبینن هەر کرێکارێك لەسەر کار دەربکەن بەهەر بیانوویەك بێت، ئەم بارە نا هەموارە زۆربەی کارگەکانی گرتۆتەوە.

هەل و مەرجی کارکردنی قەند لەوانی دی باشتر نییە، کرێکاران لەم کارگانەدا رۆژانە (١٠) سەعات کاردەکەن کەچی رۆژانەیان (٥) دینارە واتە (١٥٠) دینار لە مانگێکدا و خواردنیش لەسەر کرێکارە کە خۆیەتی، بەهەندێ لەم کارگانەدا یاسای کار بەشێوەی (قۆنتەراتە) لەبەکێك لەم کارگانە کە (١٢) کرێکار کاری تێدا دەکات و بەر لە ئێستا (١٢) کرێکارەکە ژن بوون بەشێوەیەکی نارەوا لەسەر کار دەرکران و چوونە بازاڕی بێ رەحمی بێ کارانەوە لەم کارگەیەی باسمان کرد بەرهەمی یەك وجبە قزیکەی (٧٠٠) کیلۆیە واتە (١٤) قەرەشەکر، لەهەر قەرەیەك (٢٠) دیناری بۆ کرێکارانە لەکاتێکدا نرخی کالاً بۆ نرخی بەرهەم (٣) دینار زیاد دەکات واتە:

٣ X ٧٠٠ = ٢١٠٠ دینار بەرهەم

٢٠ X ١٤ = ٢٨٠ دینار کرێی کرێکاران

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە چ جیاوازییەکی بێ ئامان لە نێوان نرخی بەرهەم و کرێی کرێکاراندا هەیە کە نزیکەی (١٧٠٠) دینارەو لە راستیدا نرخی هێزی کاری ئەو کەسانەیە کەلە کارگەدا شەو تا بەیانی بەسەر دەبەن..!

لە کۆتاییدا دەڵێم: پێویستە لەسەر تەواوی کرێکاران هەرچی زووترە بەرامبەر بە وەحشەتگەری سەرمایەداران ریزەکانی خۆیان ریکخەن و بەهاوخەباتی چینایەتی ساندیکای کرێکاری خۆیان دامەزرێنن بۆ داکۆکی کردن لە بەرژەوەندی و داخوازییە پیرۆزەکانی کرێکاران.

دیدارو کۆبوونەوەکانی شیوعییە کوردستانییەکان لەگەڵ حیزب و گروپە کوردستانییەکان.

لەم مارەیەدا، دەستەی کاتی سەرکردایەتی شیوعییە کوردستانییەکان، چەندان دیدارو کۆبوونەوەی هاوبەشی لەگەڵ حزب و گروپە کوردستانییەکان و روناکبیرو کوردناسان سازداوە، بەمەبەستی پتەوکردنی گیانی تەبایی و ریزەکانی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان.

دیدارو کۆبوونەوەکان لەگەڵ ئەم لایەنە بەرێزانە ئەنجام دران:-

١- لە ریکەوتی ١٠-٨-١٩٩٣دا، لەگەڵ بەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان.

٢- لە ریکەوتی ١٣-٨-١٩٩٣دا، لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی کوردستان - لکێنراو بە سوریا.

٣- لە ریکەوتی ٢٠-٨ دا، لەگەڵ بزوتنەوەی بروسکی کوردی - سوریا.

٤- لە ریکەوتی ٢١-٨ دا، لەگەڵ پارتی چەپی کوردی - سوریا.

٥- لە ریکەوتی ٢٤-٨ دا، پارتی دیموکراتی کوردی - سوریا.

٦- لە ریکەوتی ٢٢-٨ دا، لەگەڵ کوردناسانی نامراو پرۆفیسۆر (لازاریف حەسرەتیان) و پرۆفیسۆر (شاکرۆف) سەرۆکی مەلبەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە مۆسکۆ.

٧- لە ریکەوتی ٢٤-٨ دا، لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

٨- لە ریکەوتی ٢٥-٨ دا، لەگەڵ ریکخراری تێکۆشانی رەنجدەرانی کوردستان.

٩- لە ریکەوتی ٢٦-٨ دا، لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ.

١٠- لە ریکەوتی ٢٧-٨ دا، لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی کوردە فەیلیەکان.

١١- لە ریکەوتی ٢٧-٨ دا، لەگەڵ کادیرانی پاسۆك.

١٢- لە ریکەوتی ٣١-٨ دا، کۆبوونەوە لەگەڵ بەرێز مستەفای هیجری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

لەم دیدارو کۆبوونەوانەدا، بەتێڕو تەسەلی گفتوگۆو ڕا گۆڕینەوە، لەسەر بارو دۆخی سەرەکی کوردستان کرا، ریگا چارەی قۆناغدانەوەی پرۆسەی دیموکراسی و پاراستنی و پێشخستنی دەسکەوتەکانی راپەڕینی گەلی کوردستان خرایە بەرباس، هەروا باس لە چۆنیەتی بەهێزکردن و گەشەپێدانی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان کرا، رووەو رزگاری و سەربەخۆیی و یەکێتی نەتەوەیی گەلی کوردستان.

لەهەموو ئەو دیدارو کۆبوونەوانەدا، هاوڕێیانمان بەووردی مێژوی تێکۆشان و ئەرك و ئامانجی ئێستاو ئایندەی شیوعییە کوردستانییەکانیان بۆ ئەو لایەنانە روون کردەوە.

پاشماوەی: پرۆفیسۆر لازاریف...

لەلایەکی تر گوتی: من دڵنیام لەوەی کەلەم ئەزموونەی ئێوە ئامۆزەکی گەشی لەپێشدایە، پاشان بەدرێژی باسی لەهەندێ ئەزموونی گەلان کرد، بەتایبەتیش ئەزمونی گەلانی بولگاریاو روسیا لە کاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، دواجاریش گوتی:

پێویستە هەموو پارتەکانی کوردستان لە پرۆسێسی خۆیاندا بەرنامەی سەربەخۆیی کوردستان پەیڕەو بکەن.

ناوەناوەش پرۆفیسۆر (حەسرەتیان) بە هێمنی لە گفتوگۆکاندا بەشداری دەکرد.

شایانی باسە! پرۆفیسۆر شاکرۆف کەلەم کۆی وەرگێڕانیشی لەئەستۆ گرتبوو، بەتێڕو تەسەلی سەبارەت بە (کۆماری کوردستانی سوور) چەند ڕوونکردنەوەیەکی بەنرخی خستە ڕوو.

هەروا چەند زانیاریەکی لەبارەی (ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە مۆسکۆ) و چۆنیەتی راپەڕاندنی کاروبارو چالاکییەکانی لەئێستاو ئایندەدا باس کرد. بەتایبەتیش پرۆژە بەنرخەکەیان بۆ نووسینەوەی (مێژووی کورد)، پێچگە لەچەندان چالاکی تری کولتوری لەبواری زمان و ئەدەب و مێژووی کوردا.

پاشماوەی: بەرۆژ سەعاتی هێزی...

سیاسی ئێران و کوردستان گوتی:

- ئەمڕۆ ئێران گیرۆدە بەقەیرانێکی قووڵی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی بۆتەوە.

- حزبی ئێمە هەمیشە لەمەیدان ماوەتەوەو چۆڵی نەکردوە، بۆیە ریژیمی ئێران حسابێکی زۆر بۆ ئێمە دەکات و جماوەریش پشت ئەستورە بەحزبمان و بەئەرزو تۆپباران ناتوانن رەگوڕیشەمان لەنێو خەڵکا هەڵقەنێنن.

- ئەگەر چی سەرکردەی وەك قاسملۆو شەرەفکەندیمان لەدەست چوون، بەڵام حزبمان پشت بەپێڕەو کردنی ژیانی دیموکراسی دەبەستێ و پشت ئەستورە بەکادرپرانی خۆی، بۆیە تێکۆشانی حزبمان لەروی سیاسی و تەنزیمی هەمیشە بەرەو پێشەوە دەڕوا.

- ئێمە هەوڵدەدەین، لەگەڵ هەموو گروپە چەپ و حزبە کوردستانییەکان پەیوەندی خۆش بکەین، یارمەتییان بدەین، بەتایبەتیش کاتێ گیروگرفت و ناتەبایی لەنێوانیاندا هەبێ، هەوڵمان داوە، بە دایەلۆگی دیموکراسی لەگەڵیان ئاماخاتن بکەین.

- پشتگیری تەواوی خۆمان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین.

- ئەمەریکاییەکان درەنگ لە خراپی ریژیمی ئێران گەیشتن، لەوە دەچێ ئێستا لە فکری ئەوە دابن، ئەم ریژیمە لاواز بکەن، من وای بۆ دەچم ئەوان هەوڵی ئەوە دەدەن، ریژیمی ئیسلامی وەلا بنێن و ژیاڵێکی دیموکراسی لە ئێران بەرقەرار بکەن، بەڵام وا دیارە تا ئێستا ئالتەرناتیڤێك نەدۆزرابێتەوە.

- ئێستا ئێمە لەنێوەندە دیبلۆماسیە نێودەوڵەتییەکان گرنگی و پشتگیرمان بەرامبەر پیشان دەدرێ.

لە کۆتاییدا گوتی: خەباتی حزب، خەباتێکی درێژ خایەنە بۆ رۆژێك و دوو رۆژ نییە، بۆ ئەوەی بتوانین خەڵك لەسەم و چەوساندنەوە رزگاربکات.

پاشماوەی: پەیجری

ووشەکانی؛ استریح، استاعد، یمین..یسار..کە لە فەرهەنگی عەسکەرتاریەتی عەرەبەوە داسەپێنراوەتە سەر مرۆڤی کورد شوێنکاریان بەسریا بەرەقی دەبێتێ.

گۆرانیەکانی (ام کلثوم، عبدالحلیم، فرید الاطرش، کاظم الساهر..تاد) نەوە دوای نەوەیان لەنێو کلتوری عەرەبدا خەملاندووە.

هۆکارەکانی راگەیاندن (رۆژنامە، رادیۆ، تەلەفزیۆن، سینما) و بگرە هەتا وەرزش و گەشت و گوزارو بەرنامە لەقوتوخراوە بیانیەکانیش بەعەرەبی ئاخافتن دەکەن.

پاشان چ لە قوتابخانە بێ، یان لەحوجرەدا ئیتری وانەی عەرەبی و دەرخ کردنی (جزوی عمە) دەبێ دوانزە یان بگرە نزیکی بیست ساڵ (ریژمان و ئەدەب و بلاغەتی عەرەبی و ئایات و حەدیثەکان) بەعەرەبی دەخوێنێ و ئەزبەریان دەکات، هەرچی وانەی تری زانستی و مێژوویی و جوگرافی و...تاد..هەبوونە لەرینگای زمانی عەرەبی یەوە بۆی کراوەتە کوردی.

ئاولێنانی؛ شمس الدین و صلاح الدین و جبرائیل و معتصم شیمحەمەدو نەزیفەو عەزیمەو روفیاو.. تاد.. تا ئیمرۆش مەجدیان ماوە.

تەلقینی بەخاك سپاردن و پرسیارو وەڵامی فریشتەکانیش وادبارە بەعارەبی دەبێ! (من تەنها گازاندەم لەزمانی عەرەبیەکەیە!)

بەکورتی کولتوری نەتەوە سەردەست و داگیرکەر لەچەندان کەناڵەوە بەزۆر سەپێندراوە بەسەر نەتەوەکەمان و لەئاکام مرۆڤی کورد بەدەستی تلاوەتەوەو، تا لەچنگی ئازاد دەبێ (تەواو خۆی دادەمالێ زۆری پێ دەوێ). جا لەمەرکوێ دەست پێ بکەین، دەرەنگ، ئەم بابەتە ترسناك و گونگەش لەراستیدا تۆزینەوەو لێکۆڵینەوەی فرە لایەنی هەڵدەگرێ. جا هەرچی زووە، با لەخۆمانەوە دەست پێ بکەین.

RIZGARÎ
رۆژنامەی ڕێکاری شەهامی ئاڵای / بەرامبەر بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر
هەولێر - کوردستان عەراق ٢٠٨٥١

وارە هەرزۆک و سینەمای نوێی ئەڵمانیا

لە دیارترین داهێنەرەکانی سینەمای نوێی ئەڵمانیایە، ئەم دەرهێنەرە لە کاتێکدا تەواو ناسرا، کە دەستەیەك لاوی سینەماکار بەیاننامەیەکیان لە ساڵی ١٩٦٢ جاردا، تیایدا ئارەزایی خۆیان سەبارەت بەشێوە بەرهەمی هۆلیوودی ئەمریکی پیشاندا، جەختیان کرد، کە دەبێ سینەمای نوێ واقیعی تازەی ئەڵمانیای دوای جەنگی دووەمی گێتی تیا ڕەنگ بدرێتەوە.

بەڵام هەنگاوگانی ئەم بزاڤەی سینەماکاران پەرەی و بڵاوو بوون و هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینی.

تا ساڵی ١٩٦٦، کە بەراستی بەساڵی لە دایکبوونی سینەمای نوێ ی ئەڵەمانی دەژمێردرێ، ئەو هۆکارانەش کە سەرکەوتنیان بەم تەوژمە نوێ یە (الموجة الجديدة) بەخشی، ئەمانەن:

١- ئەو پشتگیریە کە بەپارە لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیاوە، بەهەندێ لە لاوە سینەما کارەکان درا.

٢- هەندێ کۆمپانیای تایبەت پشتگیریان لە پرۆژەکانی دەرهێنەرە لاوەکان کرد.

٣- خۆ وەدوور گرتنی تەوژمە نوێیەکە لە شێوازی بەرهەم هێنانی قەبە (کە زیاتر جووتە دەرهێنەری ئەمریکی فرنسیس کوپولا، ر. ئیڤلتمان پێ ی ناسراوبون)

تەوژمی نوێ ی سینەمای ئەڵەمانی بە تەواوەتی بابەتە سواوەکانی دراما ئەقلیدی بشت گوێ خست، زیاتر ئاوڕی لەم بابەتانە داپەوە، کەبەردی بناغەبن، لە پێکهاتی ژیانی تاك و بوونی مرۆڤی بە تێکڕای، هەروا چەند پرسیاری توندی هەمە لایەنی دەرهەق بەژیان ، ئایین، سیاسەت، ئەوین، مێژوو دەهێنایە ووژاندا

هانی مرۆڤی دەدا، بۆ ئەوەی جارێکی تر لەسەرجەم تیروانینە گشتی و شێوازەکانی خۆی بگێڕێتەوە، لە هۆیەکانی بوونی خۆی وردبێتەوە.

پاڵەوانی فلیمەکانی هیرزۆگ گیرۆدە بەخەشازی و لەخۆ بایی بوون دەبن، حەز لە بەگژاچوون و مەزنی دەکەن و لەئاکامیش هەمیشە دەکەوێ.

پاڵەوانەکانی هیرزۆگ لە واقیعدا شێتە نین، بێجگە لە ئەمولەیەکی کەم دەسەڵات، کە لەژێر پەردەی باخی بوون خۆیان دەشارنەوە، بێ ئومێدی و کوتن دوا چارەنوسیانە.

بڕوسکە.

لەسەر دەرگای مۆزەخانەی هەولێر، بەقەڵەمی درشت نووسراوە: (مۆزەخانەی هەولێری شارستانی)!

ماشاالله ئەو کوردیە ڕەوان و پاگژ و جوان و ڕەسەنە!!

بڕایان ئەوە تەرجومەی حەرفی (متحف اربيل الحضاري) بە راستیە کەی ئەوەیە: مۆزەخانەی شارستانی هەولێر. چونکە وشەی شارستانی لێرەدا ئاوەڵناوی مۆزەخانەیە نەك هەولێر.

ڕووبەڕوو لەگەڵ خاتوو سەرفراز ئەمتبەندی.

ڕۆژنامەکەمان ڕووی لەژنە ڕۆژنامە نووسی کورد سەرنووسەری ڕۆژنامەی - وڵات - ی ئەدەغە کراو کرد، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە سەبارەت بەچەند مەسەلەیەك گفت وگۆی لەگەڵ بکات، هەر لەسەرەتا بەرێزی ڕایگەیاند: کە ئامادە نییە سەبارەت بە دانخستنی - وڵات - هیچ ئاخاوتنێك بدات!

پ - جیهانی ئەدەب و ڕۆژنامە نووسیت چۆن پێکەوە گونجاندوە؟

وەڵام: ڕۆژنامە نووسی کارێکی هێندە بەسەر گێژبەیە، بواری ئەوەت نادات بیر لەشتێکی تر بکەیتەوە، کەچی جیهانی ئەدەب کات و شوێنی و پێداویستی خۆی گەرەکە، کاری ڕۆژنامە نووسی زۆرجار لە جیهانی ئەدەبم دەترازێنێ.

تەنها شتێك هەردووکیان پێکەوە گرێ دەدا ئەویش موحاناتە..

موحاناتی ڕۆژنامە نوسی هێندە قورسە، حاڵەتێکی وام لا دروست دەکا، دەست بۆ پێنوسەکەم بەرم و لەزموونە کەدەبیە کەم خەستتر بکەمەوە.

پ :- بیرۆکەی دەرکردنی - وڵات - چۆن سەریهەڵدا؟

وەڵام:- دەرکردنی ڕۆژنامەی - وڵات - لەم قۆناغەدا، پێویستیەك بوو، توانی بۆشایەك لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری کەدەبیە کەم ئەستتر بکەمەوە.

پ :- ڕۆژنامەی - وڵات - چۆن دەگەیەنێ؟

وەڵام:- بوونی ڕۆژنامەی ئازاد لای تۆ چی دەگەیەنێ؟

وەڵام: بوونی ڕۆژنامەی ئازاد بۆ کوردستان زۆر پێویستە، بەڵام چێنی داخە کە تا ئێستا نەگەیشتووینە ئەم ئامانجە، ئەگەر چی زۆر لە نووسەرانمان کە دەکەن بە نکاتەوە.

پ :- پەیوەندی ڕۆژنامە نوسیتان لەگەڵ ڕۆژنامەکانی باکوری کوردستان چۆنە؟

وەڵام: پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو ئەو ڕۆژنامانە بەهێزە کە ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستانە، ئێمە سوود لە ڕۆژنامەکانی باکور دەبینین، بۆ وەرگرتنی دەنگ و باس، ئەم ڕۆژنامانە بوونتە لەئەنجامی پەیوەندی باشوور و باکور. کە ئەم دوو بەشە دەبێ ئاگاداری بارو دۆخی یەکتر بن و ئەو سنوورە دەسکردە بشکێنن، کە داگیرکەران هەڵیانچنیوە.

پ :- ڕۆژنامەی ئازاد لای تۆ چی دەگەیەنێ؟

وەڵام: بوونی ڕۆژنامەی ئازاد بۆ کوردستان زۆر پێویستە، بەڵام چێنی داخە کە تا ئێستا نەگەیشتووینە ئەم ئامستە، ئەگەر چی زۆر لە نووسەرانمان

بروانە ل٦

پەنجەرە

ئاکەی کەمایەتی نەتەوەیەمان بشێوێندرێ.

ئەمە لەسەر ئەوە نییە، کە میللەتان جۆرەها پەیوەندی و چالاکی جیاجیای کۆمەڵایەتی و کولتووری و..تاد.. لەنێوان خۆیاندا دەتوێن.

بڕایەتی و دۆستایەتی میللەتان و شارستانێتی هاوبەش لەدیوی دروشمەوە ئارەزوکی مرۆڤایەتی هەڵدەگرێ، ئەم زەمینە چەنجاڵ و تا ڕەسەندا، زەمینی تەکنۆلۆژیاو جەنگ و چەوساندنەوەو داگیرکردن، زەمینی تاتیەباپی و تا بەرابەری، باکوری تێیرو باشووری پم لەفات و قری، بەهای چمك و شتە پیرۆزەکان وون.

مرۆڤ، ئەتەوە، چین، توێژە جیاجیاکان لەنێو جەمسەرتێکی بێ ئامانی قەبرانی وێژدانی گیانی و مادیدا بەدیار ونبون، کەوتن، ڕێکەوت، مردن، خەون... ئایینەدی تا دیارەوە ڕادەمێنن.

مرۆڤی کورد لەنێو شارستانیەتێکی نەزۆك و تا کامڵ ڕوانین دا، باس لە دیموکراتیەت و پەیوەندیە نوێیەکان دەکا.

شەڕ بەچەکێ دەکا، جۆرە جلێ دەپۆشێ، هەڵس وکەوتێ دەکا، کەم تا زۆر هێندە مۆرکی کوردایەتی ئاگرنە خۆ، بەقەدەر ئەوەی شتێکن شێوێنەراو و داتاشراو.. بگرە هەتا هزرو عەقلیەتیشی هەر بەهەمان شێوەیە.

ئەوەتەی میللەتی کوردمان گیرۆدە بەداگیرکردن و لکاندن بۆتەوە، تا ئیمرۆ، لە هەموو پارچەکاندا، لە چەندان کەتائی جیاوە ئاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری نەتەوە سەردەستەکانی لەسەرە، کە سەرجەم وایان کردووە، شتێکی ئەوتۆمان لە خەسڵەت و مۆرکی تایبەتی ئەتەوایەتیمان بۆ نەهێڵنەوەو بەداب و نەریت و مۆرکی خۆیان لە فەریکەمان بدەن.

بۆتەوونە! کەلتوورو داب و نەریتی عەرەب تەواو بەسەر کەسایەتی مرۆڤی کورد لە باشوور کوردستاندا چێنراوە، پاککردنەوەو داماڵینی شتێك نییە، تاسان بێت.

ئەمش بۆ چەندان هۆکار دەگەڕێتەوە، ڕەنگە کولتووری و کۆمەڵایەتی و کارتێکەری لایەنی لەهەموویان پتر کاریگەرتر بن.

مەدالی کورد هەرکە لەدایك دەبێ و گوێچکەی دەبینەوە، گوێ ی پڕ دەبێ لە گۆرانی و مۆسیقای عەرەبی وبانگدانی مزگەوت..

بڕوانە ل٧

گڵ... شتەکان...؟

- هەر کە پەراوەکەی بەسەرالشاق مەعروف بەم خوێندەوە هەستم کرد کە دەبێت لەبەرچاو ون بێتەمێ شتم ئەبا بیبێ! ڕاستگۆیی، زیرەکی، فازایەتی.

- پێشکەوتن، لەژێر ساپەی ئاسمانی چاوسوور گردنووەدا زەویەکەم ئەمە لەنکراوی ڕەشەڵاتووە.

ئەم وتانە لە پێشەکی - گڵ - دا هاتوون.

«گڵ» کتێبێکی شەعری ٢٤٣ لاپەڕەیی (ناسر حەفید)ی شاعیرمە لەساڵی لە دەورە وڕلاتی ڕۆناکی چاپ و بڵاوبوونەوەی بینیوە. شاعیر (٧٠) لاپەڕەی پەراوێزی کردۆتە ئەخزانگەی پێشەکیەکەیەوە و ئەبا دەگەڕێتەوە ڕۆژە ساماناکەکان و بەرسارای سەرەو سەرەو لەنزی و حەڵك دەکات، پێشەکی ئەم کتێبە شەعریە پێشەکیەکی هەمە لایەنمە بە زمانێکی شەعری پاراوتر لە شەعرەکان ئەوسراوە..!

ئەمەیە کە شەعرەکانی - گڵ - کە شەعرانەن کە کۆتایی ١٩٧٦ دەرگای ڕاگەیاندنی ڕژێم مۆری (ممنوع)ی پێنەچاواڵ لکاندن، توانی دیش بە زمانێکی زۆر سادەو ساکار، زمانێك وەك ئاوی ڕوون نووسراون و لە دونیای تەنیایی و غوربەتی دوورە وڵاتیەوە گوزارشت لەبەهەشت خەڵۆزابیەکەی ئاڵی و حاجی قادر دەکەن..

ئەم شەعرە زمانە لە نێو زمان و ساختمانی ئەو کاتیەتە بڕۆکە لەسەر بنەمای پرسیار بینا دەگرێت و وەڵامی بۆ کێشەکان پێ نیە، ئەو پرسیارانەی لەبەرابی کتێبەکەدا هاتوون زیاترو زیندووتر ئەوەلی ترن لە پرسیاری ڕووبەر ی دەقە شیعریەکان: ئەمانە سەر کردەن بان ماوە؟

کێ خۆی بۆ دۆزەخ دروست دەکات؟

ئەم هەم و چمك و سوپاپە چی یە لە جیهاندا؟

(ئاڵە حەفید) وەك هەر مرۆڤێکی ئەم وڵاتە ئەنجین ئەنجین کراوە ئەیتوانیوە بچێتە دەرەوەی فەرهەنگی واقیع - ڕەشبا، گوڵە، ئۆپە، دۆشکە، بەعس، گەلاریزانی تەمەن، بێ وڵاتی، بەندیخانە، شەهید بوون....هتد. فەرهەنگە شیعریەکەی پێکدەهێنن.

ئینك دەخانە سەر ڕێگا سیمەند کراوەکان، پێکهێن و فرمێسك ئەهێنیەکان «گوازێتەوە ڕووبەر ی شیعرەکانی، لەوەیوی پەیژە سەرکێشەکانەوە لەبەرئەوەی پەلکی دارەکان، سەمای ڕێگاکان، نازی کانی، ئەخەی باڵدارو ناوازی گەنم و جۆی مەملەکەتێکی هەڵقرچاوماڵ دەخانە بەردیدەو بەم شێوەیە باسی (کوردستان) دەکات:

دارەکانی:....قەدەغەیە

کانیەکانی:....قەدەغەیە

ڕێگاکانی: ....قەدەغەیە

گەنم و جۆو باڵداریشی قەدەغەیە

خاکەکەی تۆ.

کتێبەکەی خۆی بۆ ناو ناوە گڵ؟ دەبێ لەوەیوی وشەی گڵدا چ نهێنیەکی پەنهان خۆی مەڵسەدابێ..! گڵی سەرەتا، گڵی کۆتایی.

گڵ نیشتمانە.. گڵ دەبێ بەرۆح بچەسپێ، گڵ ئەمەبن..گڵ ئەبێ بەکوێدا بڕوێن؟

لە کوێ پێڵۆ کانمان بەهێنە سەریەك..گڵ ئەبێ ئەم چەسپە شەکەمان بەکوێ بسپێرین..!

وەرتی

کۆڕێك لە ڕواندوز

گۆڕانکاریەکانی دونیاو ڕەنگدانەوەی لە کوردستان

کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد / بەشی ڕواندوز، بەبۆنەی یادی ١٦مین ساڵەی دامەزراندنیەوە بانگێشەی دوو ئەندامی دەستەی کانی سەرکردایەتی شیوعیە کوردستانییەکانی کرد، بۆ ئەوەی بەم بۆنەیەوە ئێوارە کۆڕێکی فیکری - سیاسی لەشاری ڕواندوز بگێڕن.

ئەوەبوو، سەرلەئێوارەی ٢١-٨-١٩٩٣ هاوڕێیان (وریا سەعید، سەلاح مەزن) کۆڕێکیان لە هۆڵی فوتابخانەی (پاشای گەورە) لەژێر ناونیشانی (گۆڕنکاریەکانی دونیاو ڕەنگدانەوەی لە کوردستان) بەڕێوەبرد، تیایدا ژمارەیەکی باش لە ڕۆشنبیرانی شارەکە ئامادەبوون، دوای پێشکەشکردنی هەردووباسەکە، گفتوگۆیەکی تێڕو تەسەل لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و بزاڤی چەپ و ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان کرا.

دیسان خۆرئاوا

وادیارە، زنجیرەی تاوانی تیرۆری سیاسی دژ بەشۆڕشگێڕە چەپەو نیشتمانپەروەرەکانی گەلەکەمان درێژەی پێ دەدرێ!

ئەوەتانێ، هەر وەدوای تیرۆرکردنی شەهیدان «مەلا محەمەدی کۆڕێو هاوڕێ ڕێناس»، جارێکی دیکە لە کاتژمێری ١٢,٥ی ڕێکەوتی ٢٥/٨دا لە شارە خنجیلانەکەی دهۆکدا، هاوڕێ ئارام «ئەنیر عمر» دەرفینن، پاشان لاشەکەشی دەسووتێنن!!

ئێمە لەکاتێکدا ئەم تاوانە ڕیسوا و مەحکوم دەکەین، داوای لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکەین، ڕادەیەك بۆ تەشەنەکردنیشەم دیاردە ترسناکە دابنێن کە ڕاستەوخۆ مافی مافی مرۆڤ لە کوردستان پێشێل دەکاو زیانیش بە پرۆسەی دیموکراسیو دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان دەگەیەنێ.

مەزو پۆتامیا کەرەنەفتیکی، ئەتەوەیی گێڕا

خوارەوە نمایش کران:

١- کۆمای ئازار

٢- کۆمای ژیانی نوێ

٣- کۆمای سەرهەڵدان

٤- کۆمای چیا.

ئەم کەرنەفاڵە ئەتەوەیە کوردی باکوورو باشوور بەیەك دەنگ تا دەرەنگی شەو گۆرانی لەی ڕەقیب، بۆی پێشمەرگەو سەرکەوتن بۆ گەریلایان دەگوتەوە.

ژن و پیاو ڕەخنە چیرۆك.. لە دو ئێوارە کۆڕدا

ئێوارەی ڕۆژی ٧-٩-١٩٩٣ مەڵبەندی گشتی / پەکێتی نووسەرانی کورد کۆڕێکی فیکری و کەلتووری بۆ کچە شاعیرو نووسەری دووەو ولاتە نەزەند بەگی خانی لە هۆڵی میدیا ساز کرد. کۆڕەکە بە ئێوی (کەسایەتی ژن و پیاوی کورد) بوو و زۆر سەرکەوتووانە باسی کێشە گرینگەکانی ئافرەت و کەسایەتی ژن و پیاوی کورد کردو ئاپۆرەیەکی زۆری نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لەم کۆڕە ئامادەبوون و دوای کۆتایی پێ هاتنی کۆڕەکە گفت وگۆیەکی بەپێز لەبارەی باسەکە کرا.

ئێوارەی ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی ٤-٩-١٩٩٣، مەڵبەندی گشتی پەکێتی نووسەرانی کورد، ئێوارە کۆڕێکی بۆ نووسەری دورە وڵات کاك (محسن احمد) لە هۆڵی گەل بەڕێوەبرد، کە تیایدا بەر لە خوێندنەوەی (٣) کورتە چیرۆکی خۆی، باسێکی سەبارەت بە شێوازەکانی ڕەخنە لە ئەدەب و فیکری فەرەنسی و گرنگترین مێژدە فەلسەفیەکان لەم بوارە خستە ڕوو.